# کوردو ڕەگەزی ئاری

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ـ زمانەوانی ـ فۆلکلۆرییە


## مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

ئامادەکردنی: شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی



**2005**





**ناوی کتێب: کوردو ڕەگەزی ئاری**

**بابەت: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ـ زمانەوانی ـ فۆلکلۆرییە**

**ناوی نووسەر: مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی**

**ئامادەکردنی: شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی**

**لە بڵاوکراوەکانی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد– ٣١**

**دەرهێنانی هونەری و بەرگ: فەهد شوانـــی**

**سەرپەرشتی چاپ: حەمە سەعید زەنگنە**

**چاپخانە: ئارابخا– کەرکووک**

**چاپی یەکەم– ٢٠٠٥**

*پێشکەشە بە هەموو خاوەن خامە ڕەنگینێک،*

*کە لە ڕاستی لایان نەدا دەرهەق گەلەکەیان.*



## بە ناوی یەزدانی مەزن و دلۆڤان

**پێشەکی:**

من بە شەرمەزاریەوە پێشەکی لە سەر نامیلکەو کتێبی شەهید مەلا جەمیل دەنووسم چونکە ئێمە ناگەینە پەرێزی ئەوا .

ئەگەر بە وردی بڕوانینە نووسینەکانی خوالێی خۆشبێت مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بۆمان دەرئەکەویٚ کە بەڕاستی زاناو بلیمەت و شاسوار بووە لە گۆڕەپانی نووسیندا نەك تەنها لە بواری مێژوو بەڵکو لە بوارە جیاجیاکاندا دەست بالاٚ بوو کاتێك دەستی بدایە خامەو قەڵم وەك ئەو نووسەرانە بوو کە پسپۆڕن لە بوارێکی تایبەتیدا . بە هاندانی چەند دڵسۆزو ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر بۆ چاپ گەیاندنی بەرهەمەکانی شەهید مەلا جەمیل بە مەبەست رزگاربوونیان لە فەوتاندن و بزر بوون . ئەوەبوو ماوەیەك لەمەوبەر کتێبی ( وولاٚتەکەت باشتر بناسە ) بە چاپ گەیێنراو کەوتە بازارەوەو پێش چاوی خوێنەرانی خۆشەویست کەوت کە لە لایەن ( دەزگای ئاراس )ی دێرینەوە بوو جێ‌ی سوپاس و پێزانینە . ئەوا لەم دەرفەتە کە ڕەخسێنراوە لە لایەن یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك بۆیە چاپگەیاندنی بەرهەمی نووسەران کە جێ‌ی سوپاس و دەسخۆشی‌یە وا ئێمەش زنجیرە ووتارێکی شەهید مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بەناو نیشانی ( کوردو ڕەگەزی ئاری ) کە ئەبێتە ناوی نامیلکەکە هەرچەندە لە گۆڤاری نەو شەفەقدا بلاٚەکراوەتەوە بەلاٚم لە بەر بەنرخی زانستی ووتارەکان ببێتە سەرچاوە بۆ خوێنەران و قوتابیان و هەر وەها دوو لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە

یەکەمیان بە ناونیشانی ( شێوەکانی زمانی کوردیو لێکۆڵینەوەدەربارەی ڕیشەی ناوەکانیان ) کە لە گۆڤاری نەوشەفەقدا بلاٚوبووەتەوە ، دووەمیان بە ناونیشانی ( ئاهەنگ و گۆرانێکانی کوردی ) کە لە گۆڤاری ( بانە رۆژ )دا بلاٚوکراوەتەوە .

ئەوەی شایانی باسە ئەم زنجیرە ووتارە لە ساڵانی حەفتاکاندا لە ڕادیۆی تاران بەشی کوردی پەخش کراوە ، وە بەدەقی خۆیەوە چاپ ئەکرێت لە دوو توێ نامیلکەکەیدا کە کەلێنێك لە کتێبخانە کوردییەکان پڕ بکاتەوە .

شەهید مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی گەلێك بە تاسەی ئەم ڕۆژگارەوە بوو کە ئەمڕۆ هاتووەتە کایەوە لە سایەی خوێنی شەهیدان و تێکۆشانی ڕۆڵە بە ئەمەکەکانی گەلەکەمان . سەد حەیف مەخابن دەستی ڕەشی دووژمنانی گەل و نیشتمان دەرفەتی ئەوەی نەدا ، ئەوە بوو لە شەوی ( ٢٠٠١/٣/٢٧/٢٦)دا لە خانۆکەی خۆی بە دڕندەترین شێوە گیانی لەدەس دا و بەرەو دنیایەکی هەتا هەتایی گیانی پاکی هەڵفڕی . ئیتر ئومێدەوارین توانیبێتمان خزمەتێکی بچووك بە گەلەکەمان پێشکەش کردبێت .ئەم هونەرەش ئەگەڕێتەوە بۆ یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك .

**شێرزاد مەلا محەمەد ئەمین**
**مەلا ئەحمەد ڕۆژبەیانی**
**٢٠٠٥**



# کوردو ڕەگەزی ئاری

**ووتاری یەکەم**

بیستیارە بەڕێزەکانی ڕادیۆی کوردی ئێران ئەم کاتە و هەموو کاتێکتان باش ! لە نیوەی مانگی گوڵانا ، لە فەروەردینی بە هەشتی دڵانا ، لەسەر زەوێنی گوڵ و ، گوڵزارا، بڕیار درا کە لە ناوەندی بەهارا ، بولبولی ڕادیۆی کوردی ئێران ، بە نەغمەی پڕ لە جۆش و خرۆشەوە بکەوێتە سەر چڵان ، وبەبادا بدات بێنی عەتری گوڵ و ڕەیحان ، وپەخش بکاتەوە مێژووی کوردان .. جا ئامادە کردنی چەپکە گوڵی مێژووی کورد ، خرایە ئەستۆی ئێمە لەوروده کە نووسینی کوردیی من سادەو بێ گرێ و قورتە ، وگومان ئەکرێ هەم ڕۆشن بیرانی کورد گوێی بۆ شل بکەن ، وەهەم خوێندەواران وەنەخوێندەواران ، بە هەستی پاکەوە سوودی لێ وەربگرن ،. جا بەو پێیەی کە سەرچاوەکانی مێژوو ، کورد بە یەکێك لە ڕەگەزە هەرە کۆنەکانی ئاری ئەدەنە قەڵەم ، وا بەباش زانرا ناوی ئەم بەرنامەیە بنرێ (( کوردو ڕەگەزی ئاری )) وەهیوایە بیستیارانی خۆشەویست لێی وورد ببنەوەو وەهەر کەم و کوڕییەکیان هەست کرد بەنامە یاد ئاوەری بکەن..

دەربارەی ڕیشەو سەرچاوەی ناوی کورد و بنچینەی کورد ، لە هەندێ کتێبی عەرەبی و تورکی و فارسیدا ، کە بەناوی مێژوو نووسراون ، نووسەرانیان لە غەرەض خاڵی نەبوون ، زۆر بیرو باوەڕو

قسه و قسەڵۆك بەیەكا تێكەڵ كراون ، گەر ئێمە بكەوینە بەراووردو گێڕانەوەیان ، بێ گومان ، گوێگرەكان سەریان لێ ئەشێوێ ، وەمێشكیان بەو پروپووچانە دێتە ئێش ، لەبەر ئەمە خۆمان لەو گێژاوە لائەدەین ، وەڕاستەوخۆ ئەچینە ناو جەرگەی دێرێكی كوردەوە ، ولە جەرگەی زریەی مێژووا گەوهەری نایاب هەڵئەبژێرین ، وەملوانكەی مرواری ئەهۆنینەوە

ئاشكرایە زنجیرە چیای زاگرۆس لە هەزاران ساڵەوە بۆتە مەڵبەند وەنیشتمانی ئەو گولاّنەی ویستوویانە پشت بدەن بە چیاكانەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە ئەشكەوتەكانی‌یا قایم بكەن ، وەخۆیان لە گەزەندی باوبۆران ، ودڕندەو جانەوەران ، دووژمنانی چەپەڵ بپارێزن ، وەلەو هەرێمە چیایی‌یە سەر سەوزو ڕازاوەدا ، كە كردگار پاراوی كردووەو ، بە دارو لەوەك و باغ و جەنگەڵ ڕازاندوویەتی‌یەوە خۆیان و مەڕو مالاّت و ئاژەڵیان بە ئارامی‌و ئاسایش ژیان بەسەربەرن وەهێشتا مێژوو نەیتوانیوە پەی بەوە بەرێ ، كە چەند ملیۆن ساڵ بەسەر ئەم چیای زاگرۆسەدا ڕابردووە ، كە ڕەگەزی مرۆڤی زاگرۆس لەچەرخ و دەورانی بەرد ، رزگاریان بووە وەكەوتوونە چەرخی دۆزرانەوەی مس و ئاسن ، وكانەكان ، ودەسەلاّت و شارستانی و خوێندەواریان پێكهێناوە . ئەوەی كە زانراوە ، لەم زنجیرە چیایەی زاگرۆسەدا ، لە پێنج هەزار ساڵ بەر لە زاین و میلادەوە گەلان وەنەتەوە گەلێكی جیا جیا سەریان هەڵداوە ، وەناویان كەوتۆتە ناوان ، وەپاشان بە پێی گەردشی چەرخی چەپگەرد ناویان كوژاوەتەوە .

جارێ با لێرەدا با ئەوە ڕۆشن بكەینەوە كە مەبەست لە زنجیرە چیای"زاگرۆس" ئەو زنجیرە كێوو شاخانەیە كە لە كناری زریە پەڕی خەلیجی فارسەوە بەلاخوارو باشوری ئێران دا هەڵئەكشێ ، وەدرێژا



ئەبێ تا ئەگاتە زنجیرە چیاكانی ئاراراتی گەورەو ئاراراتی بچووك ، كە هەندێ پێیان وتوون زنجیرە چیای ئەرمەنستان ، وەئەمڕۆ لە خۆرهەلاّتی توركیادا بە ناوی "ئاگری داخ " بە ناوبانگە ... "زاكرۆس " ناوێكی یۆنانی‌یە دراوە بەم زنجیرە چیایە ، كە چەندین لوتكەی هەرەبەرزی تیایە وەك (( شاهۆ ــ پاتاق ــ پشتكوە ــ كەبیركوە ــ زەردكۆ ))و ، هەندێ نووسەران ، لەبەر تاوی دەماری ڕەگەز پەرستی خۆیان بە هەڵە بردووە ، وەناوی یەكێ لەم لووتكەیانەیان بۆ زنجیرە چیای زاگرۆس بە كارهێناوە ، وەلەبیریان چووە كە هەر یەك لەم لوتكەیانە تەنیا لە جێ‌ی تایبەتی خۆیا بەناوبانگە ، بەلاّم ناوی زاگرۆس بووە بەناوێكی زانیاری‌و مێژویی . جا ئەم زنجیرە چیای زاگرۆسە ، بە سەر زەوییەكی هەزارو شەش صەت كیلۆ مەتر درێژی‌دا كشاوە ، وەپانای‌یەكەیشی داگیركردووەوە لە هەندێ جێ ئەگاتە سەدو شەصت كیلۆ مەتر ، وەلەهەندێ جێ ئەگاتە سێ‌صەدو بیست كیلۆمەتر ..

جا لەم زنجیرە چیای زاگرۆسەداو بە دواینی لاخوارو لا ژوری‌یا لە پێنج هەزار ساڵ بەر لە زایذی‌یەوە هەندێ نەتەوەو گەلی تیا ژیاوە ، ناووناتورەیان نەماوە ، مەگەر لەسەر تەختە بەردە نووسراوەكان ، كە یاخۆیان باسی قەوماوێكیان لە سەر هەڵكەندووە ، یا دوومنانیان .

بە پێ‌ی ئەو شوێنەوارە كۆنانەی كە لە ئەشكەوتەكانی هەزار مێردوو جاسەنەی سورداش و هەندێ جێ‌ی لوڕستان و غاری كەرفتو ، دۆزراونەوە ، لە دەورانی دووەمی بەرد بە دوواوە ، ڕیزە چیاكانی زاگرۆس ئاوەدانی تیا بووە ، جا مێژونووسان دانیشتوانی كۆنی زاگرۆس یان بە دوچین داوەتە قەڵەم : چینی یەكەمیان ئەو گەل و نەتەوەیان كە دەربارەی چۆناییێتی ژیان و ڕابواردنیان و سەر گوزەشتی

خەڵکەکەو فەرمان ڕەواکانیان زانیاری‌یەکی تێرو پڕ تۆمار نەکراوە ، یا هێشتا لە ژێر خەرابەو کەلاوەی دێهات و شارە نووقم بووەکان ، لە خۆڵاٚ ، دەرنەهێنراوە ، وەتەنیا لەبەردە نووسی خۆیانا یا دووژمنەکانیان ، کە لە پێ دەشتەکان ژیاون ، وجار جارە لێیان بەتەنگ هاتوون وەشالاٚویان کردوونە سەرو بەسەریانا زاڵ بوون ، باسی شەڕو شۆڕو سەرکەوت و شکست تۆمارکراوە .

جا وەکو مێژوو بۆمان ئەگێڕێتەوە ، بەر لە سی صەدە ــ یا ڕۆشن تر بەرلە سێ هەزار ساڵ ، پێش زایین و میلاد ، لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دا چەند دەوڵەت و فەرمان ڕەوایی هاتۆتە دی ، وەك عیلام ، لولوبی ، گوتی . بەلاٚم وادیارە جار جارە لولوبی وەگوتی هەر تەنها یەك یادشایان بووە ، وەعیلام لەوان کەم دەسەلاٚت تربووە . ئەم ئەم سێ نەتەوەیە کە بە نەتەوەی زاگرۆسی ناسراون ، لە یەك ڕەگەز بەەن وەزبانیان لە یەك چووە . پایتەختی عیلام شاری "سوس " یا "سوزیانا " بووە کە پاشان پێی ووتراوە "شوش " و شوێنەوارەکەی نزیك بە شوشی ئێستەیە لە هەرێمی دژپول ( دزفول ) دییارە . ئەم دەوڵەتە خێوی خاکی ئێستەی ئوستانی خوزستان بووە . پایتەختی لولوبی شاری " هاڵوان " بووە کە خەرابەو شوێن هەوارگەی ئەکوێتە ژێر تەیۆڵکە خۆڵەکانی نزیك سەرپێڵی زەهاو ، کەلەوەپاش پێی ئەوترا " حەلەوان " . وەپایتەختی " گوتی "ش شاری " ئەرەپخا " بووە کە ئەکەوتە خوار شاری کەرکوکی ئێستەی کوردستانی عێراق لە هەمان کاتا لە هەرێمی (( بەغدا ــ حللە ــ کەربەلای )) ئێستە دەوڵەتێکی سامی هەبوو ناوی " ئەکەد " یا ئاگادە ــ بوو .. وادییارە لولوبی و گوتی ، جار جارەیەك یادشایان هەبووە ، بۆ وێنە (( ئاننو بانینی )) لە سەرەتای سەدەی بیست و هەشتەمی بەر لە زایین دا ــ



واتا دوو هەزارو هەشت صەد ساڵ بەر لە میلادا . یادشای لولوبی و گوتی بووە چۆن نزیك بەسەرپیل لە سەر گاشە بەردێ دیمەنی ئاننو بانینی وێنەکێشراوە ، بەدەستی چەپی‌یەوە تیروکەوان ، وەبەدەستی ڕاستی‌یەوە دارێك ، وەپێی ناوە بەسەر لاشەی دیلێکا کە لەبەر ڕێی‌یا ڕاکشاوە ، تەپڵەیێکی لە سەرە ، ڕیشێکی درێژو پانی هەیە ، سەر کەواییێکی لە بەرە ، "خواچە " ( آلهة ) "نینی" بەرامبەری وەستاوە ، بە دەستی ڕاست هەڵقەییێکی ئەداتێ ، وەبەدستی چەپ دوو دیلی کردووە بەپەتەوە پێشکەشی دەکا .. لای ژێری تەختە بەردەکە دیمەنی شەش دیلی تری بەیەکەوە بەستراو بەدی ئەکرێ .

مێژوونووسان لایان وایە ، کە نەتەوەکانی زاگرۆس ، تەنانەت لولوبی وەگوتی ، جار جارە شالاٚویان بردۆتە سەر پێ دەشتەکان ، بەلاٚم "سارگون " کە بووە بە فەرمانڕەوای "ئاکاد" ، شالاٚوی کردۆتە سەر نەتەوەکانی عیلام و لولوبی و گوتو ، پاش "سارگون" ، ئنجا "ئارام سین"ی پادشای "ئاکاد" شالاٚوێکی زۆر گەورەی کردۆتە سەر ئەم خاکانەو هەمووی داگیر کردووە ، وبەسەریانا زاڵ بووە ، وەیادی ئەم سەرکەوتنەی لە سەر تەختە بەردێ نووسیوە ، ئەم کێلە بەردە لە گەلێ‌یەکی سەختدایە کە پێی ئەوترێ ( دەربەندی گاور ـــ یا دەربەندی گەورە ــ کە ئەکەوێتە تۆپی‌ی "قەرەداغ" ــ واتا ئەو ڕیزە چیایەی نێوانی دو ئۆستانی کەرکوك و سلیمانی لە کوردستانی عێراق) ، لە حەلەدا کە ئەم شەڕە قەوماو پادشای " لولوبی " ناوی " ساتوورنی " بووە . پاش مدنی " ارام سین " یکێتی‌ی " گوتو " ــ " لولوبی " ـــ"عیلام " دژی " ئاکاد " هەستاون ، ەلەسەردەمی ( شارەکەی شاری )دا شالاٚویان کردۆتە سەر " ئاکاد " و سەر " سۆمەر "ی هاوسوێنی ، کە دەوڵەتێکی بچووك بووە ، لە خوار ئاکادەوە ،

وەپایتەختەکەی شاری " ئۆر " بووە ــ کە دەکەوێتە نزیک شاری ناصرییەی ئێستە لە عێراقی عەرەب دا ئەم دوو کێشوەرەیان داگیرکردووە ، وەپاش تالان ، پەیکەری " ئانونیت " خوای ئاکادیان گوێزاوەتەوە بۆ ئاراپخا .. ئەوەی ڕاستی بێ لەم سەردەمەدا دەوڵەتی ئاشووری هێشتا دانەمەزرابوو ، ئەو خاکەی پاشان پێی وترا " ئاشور " لە ژێر دەسەڵاتی هەندێ فەرمان ڕەوا دا بوو کە بە پێی ناوەکانیان دەبێ لەسەردارانی " لولوبی " بووبن ، وەك (( ئاداس ــ بازای ــ لوبای ــ لوللای ))تا سەردەمی ئادازیراری یەکەم Adacl Nirari 1 لە پادشای ئاشور ، واتا تاپاومان و ئاخر ئۆخری صەدەی چواردەیەمی بەر لە میلادە ــ هەزارو سێ صەدو شتێ بەر لە زایین ــ هەر مابوو . بەڵام پادشایەتیی (( گوتی ))یەکان ، زوتر ڕوخابوو ، چۆن پەیکەری " ئانونیت " لە خاکی گوتییابوو ، پادشایانی "سۆمەر"ی هاوسوێنی "ئاکاد" کە هێزیان پەرەی سەند ، لەسەردەمی ئوتوخەگال Utukhegal ی پادشایانا ، هەڵیان کوتایە سەر "گوتی"و خاکەکەیان بە توورەکە بێژرا ، وپەیکەرەی خوا "ئانونیتیان" بردەوە ، جا نەتەوەی گوتی خۆیان کرد بە وولاتی لولودا .. گوایە ئەم ڕوداوە گەورەیە لە بیست و حەوت صەدە بەر لە میلاد واتا دوو هەزارو حەوتصەد ساڵ بەر لە میلاد قەوماوە ، وەپادشایێتی "گوتو" ڕوخاوە بەڵام هەروەك ووترا ، دەسەڵاتی دەوڵەتی لولوبی سێزدە صەدە پاش گوتو لەناو چووە .

گوێ گرانی خۆشەویست ، لە ووتارەکانی ئایندەدا باسی هەندێکی تری لەو دەوڵەتانە دەکەین کە لە چیاکانی زاگرۆس دا هەبوون ، وەك کاسای ، ئورارتو ، نیری ، کالدی ، وەتا بەرنامەی ئایندە بەخواتان ئەسپێرین.



# کوردو ڕەگەزی ئاری

**ووتاری دووەم**

گوێگرە خۆشەویستەکان ! شادیو کامەرانیتان هیوای نووسەرو بەڕێوەبەرانی ئەم بەرنامەیە . لە بەرنامەی پێشوودا ، ئەوە ڕوون کرایەوە کە زنجیرە چیای زاگرۆس کامەیە ، وەئەم زنجیرە چیایە لە کوێوە تاکوێ درێژە ئەکێشێ ، وەپانایی چەندە ، وەهەرە بەرزترین زنجیرەی کامەیە . هەروا باسی ئەوەش کرا کە ئەم زنجیرە چیایە لە هەزاران ساڵ بەر لە زاینەوە ، مەڵبەند و جێی نەتەوە گەلێ بووە ، وەك لولوبی ــ گوتی ــ عیلام ــ کە ئەمانەیان لە بەشی لای خۆر هەڵات و باشوری ریزە چیاکەدا ژیاون ، وەدام و دەزگاو دەسەڵاتێکیان بۆ خۆیان پێك هێناوە ، وەبەرامبەر بە شاڵاوو دەست درێژی بێگانە خۆیان پاراستووە ، ولەگەڵ دوو دەوڵەتی سامی نەژادی (( ئاکاد ))و ((سومە))ردا زۆر جار کەوتوونەتە شەڕو شۆڕ ، وەبەسەریانا زاڵ بوون ، وەگوتییەکان بەهێزی یەکێتیی نەتەوە زاگرۆسییەکان خاکی "ئاکاد" واتا بابیل ــ یان داگیر کردووە .

هەروا جارێکیش " سومەرییەکان بەسەر نەتەوە زاگرۆسییەکانا زاڵ بوون ، وەلە وولاتەکەیان بەردەنووسێکیان بەناوی کێلی پیرۆزی دامەزراندوە ، وەئەم نەنگی ژێرکەوتنەی نەتەوە زاگرۆسییەکان تا ئەمڕۆ لە خاکەکەیانا ماوەتەوە ، بەڵام نەتەوە زاگرۆسییەکان گەر چی

پایتەختەکەیان سوتاندوون و " خوا" کەیانیان بە تالاّن هێناوە ، کردەوەکەیان بۆتە ئەفسانەی مێژوو ...

لە ووتاری ڕابردوودا گەلاّلەییکمان دەربارەی مێژووی سێ دەوڵەتی نەتەوەی زاگرۆس واتا لولوبی ـ گوتی ـ عیلام ـ بۆ ڕوون کردنەوە ، ودەبێ بزانرێ کە دەوڵەتی عیلام هەرچەندە لە سەردەمی گوتو و لولوبیدا ، دەوڵەتێکی بچووك بوو ،ئەو بەر هێرشی (( ئارام سین )) نەکەوتبوو .. هێزی خۆی لەدەس نەدابوو .. کە دەوڵەتی ((کاسای)) پەرەی سەند ، ئەویش لە سایا بروژایەوە . ناوی (( کاسای)) هەندێ ئەڵێن لە ناوی ((خوا کاشو ))وەهاتووە .. وەهەندێ ئەڵێن لەوێوە هاتووە کە سەردارانی نەتەوەی کاسی لە بنەڕەتا خەڵقی هەرێمی ((کاشن))بوون ، کە یەکێك بووە لە هەرێمەکانی لوڕستانی ئێستە . بە کاسییەکان ((کۆتی))و((کیشی))ش وتراوە ."ئەحمەد ڕەفیق" مێژوونووسی تورك لەکتێبی (( تەئریخی عمومی ))یا ئەڵێ :(( قیصەکان واتا کوردەکانی ئەمڕۆ )) ، وەهەندێ ئەڵێن ناوی (( قەزوین )) لە بنەڕەتا (( کاسپین )) بووە ، واتا ەمڵبەندی ((کاسی))یەکان ، وەگۆیا ((کیش))ی خەلیجی فارسیش هەر بەناوی (( کوشی )) یەکانەوەیە ، وەناوی (( خوزستانیش )) لە بنەڕەتا کوشستان بووە . کاسییەکان (٢٥) صەدە بەر لە میلاد ـ واتا بەر لە زایین بە دوو هەزارو پێنجصەد ساڵ ـ لە هەمەدانەوە تا ئەوپەڕی لوڕستانیان لە ژێر دەستابووە ، نزیکەی پێنج سەدە دەبێ دەسەلاّتێکی سەر بە خۆیان نەبووە ، لە ژێر سایەی لولوبی و گوتیو عیلام دا بوون ، پاشان دەسەلاّتی سەر بەخۆییان بەدەست هێناوە ، وەئەوەندە بەبەهێز بوون ، کە(( ڕێم سین Rimsin ))ی پادشای ئیلام ـ کە بەرنگارو دژی (( حامورابی )) پادشای بەدەسەلاّتی بابیل بووە ـ خۆی داوەتە پەنای (( کاسی ))یەکان ، وەگەرچی (( حامورابی )) چەند شالاّوێکی کردۆتە ئەو خاکانەی ژێر دەستی گوتی و لولوبییەکان ، وەعیلامییەکان بەلاّم بە کاسیەکان نەیوێراو .. حامورابی لە نیوەی یەکەمی صەدەی بیستەمی بەر لە میلادا پادشای بابیل بووە ، پاش مردنی ئنجا کوڕەکەی بۆتە جێ نشینی ، کە ناوی(( سامسو ئیلونی )) Samsu Eloni بووە ، لەم سەردەمەدا (( گانداش )) دەوڵەتی (( کاسی )) دامەزراندووە وەلەگەڵ بابیلییەکان کەوتۆتە شەڕ .. وادیارە پاش ئەو بە ساڵها (( کاسی))یەکان لەگەڵ(( حیتی ))کان شالاّویان کردۆتە سەر بابیل و تالاّنیان کردووە و دەوڵەتی بنەماڵەی (( حاموڕابی))ی بابیل ڕوخاوە .

ئەم (( ئاگوم کاکە ڕەمە))یە ، خۆی بە پادشای (( کاسی )) و (( ئەکەدی )) و (( پادان )) و (( ئاڵمان )) داوەتە قەڵم ، وەناوی گوتییەکانی ناوە (( بێ هۆشەکان )) بەلاّم ناز ناوی خۆی ناوە (( جێ نشینی پڕتەوداری"خوا" شوکامونا )) ، چۆن کاسییەکان سێ خوایان ئەپەرست :(( شوکامون ـ شیمالی ـ کاشو )) بەلاّم نازانرێ کە ڕەوشتی ئایینییان چۆن بووە .. وچۆن یەکێ لە پادشاکانی کاسی ناوی (( ایندا بوگاش Inda bougash بووە . دەرئەکەوێ لەسەردەمی پەرە سەندنی (( هیندوئەروبی ))یەکان ، کە بەخوایان دەوت ((بوغ)) ، کاسییەکانیش ناوی ((بوغ)) یان دابێ بە خواکانیان . دوور نییە پەیکەرەکانی خوایانی سەر قوللەی (( بێستون )) .. کە ناوەکە لە بنەڕەتا ((بوغ ستان)) ((جێی خوایان)) بووە ـ لەم سەردەمە بەدواوە پەیدا بووبێ .

نەتەوەی کاسی هەر وەك دلێرو ئازا و خێوی ئەسپ و چەك و تفاقی ئەوە سەردەمە بوون ، هەروا خێوی هونەرو پیشە ، وەدرووست کردنی

جوانترین کەرەسەی ڕازاندنەوە بوون . ئەو شتە دیرییکی‌یانەی کە لە هەرێمی لوڕستان دا دۆزراونەتەوەو پێیان ئەوترێ ((مەفرەغی)) ئەمانە هەمووی لە سەردەمی (( کاسی))یە جیا نشینەکانن ، تەنانەت ئەو جۆرە خشڵ و تڵتڵە و پڵپڵەیانەی کە بۆ زین و بەرگی وولاغی بەرزە بەکارهێنراون ، یاخراونە ڕەشمە و لەغاو .. هەندێ لەو شتە دێریکی‌یانە وا دیارە بۆ جادوگەری و بەتاڵ کردنەوەی ئەفسوون و فڕو فێڵ درووست کراون وەك پەیکەرەی ((بزنە کێوی ـ پڵنگ ـ شێر ـ گا ـ ئەسپ )) لەمانە سەیرتر پەیکەرەی (( گریفون))ە griphon . ئەم گریفونە جانەوەرێکی خەیاڵی زۆر سەیر بووە ، لەشی وەك شێر ، سەری وەك هەڵۆ ، گوێچکەی وەك گوێ‌ی ئەسپ ، وەقاچی وەك باڵی ماسی پەڕەدار .. ئەمانە لەو نیشانانەن کە سەردەمی ((کاسی))مان بۆ جیا ئەکەنەوە لە سەردەمی دەسەڵاتەکانی تری .

هەندێ لایان وایە کە ((کاسی)) نەتەوەیەکی سامی بوون بەڵام ئەوەی ڕاست بێ ((سامی)) نەبوون ، زبانیان لەگەڵ ((عیلامی))یەکانی هاوچەرخ یان لە ڕستە زمانەکانی زاگرۆسی بوو ، کە هەندێ بە زبانی قەفقازی‌یان داوەتە قەڵەم کاسی‌یەکان ، پاش ئەوەی بە هاوپەیمانێتی‌ی ((حیتی)) یەکان ((بابیل)) یان تاڵان کردە ئنجا بە چەشنی کرێکار ، جوتیار ، بازرگان ، خۆیان خستە بابیلەوە دەوڵەتی بابیلیان ڕۆخاندو پادشایانی کاسی لەوێ کەوتنە فەرمان ڕەوایی بەڵام پانزە صەدە بەر لە میلاد ـ واتا هەزارە پێنجصەد ساڵ بەر لە میلاد ـ ئەو عیلامانەی کە لە سایەی ((کاسی))یەکانا خۆیان پاراستبوو، جارێکی تری دەسەڵاتی خۆیان پەرەپێ‌دا ، چوار صەدە بەر لە میلاد ، عیلامی‌یەکان ئەیانویست شاڵاوبکەنە سەر ((کاسی))یەکانە فەرمان ڕەوایانی بابیل ، بەڵام لە هەمان کاتا کاسی‌یەکان هەستیان بە



چنگزەردی و دەس درێژی ((عیلام))ی یەکان کردبوو ، لەبەر ئەوە بەرنگاریان بوون .. لە صەدەی دوازدەی بەر لە میلاد ـ واتا هەزارو دووصەت ساڵی بەر لە میلاد ، عیلامی‌یەکان بەرامبەری( شوتروك ناخونتەی یەکەم ؟ShutrukNaxunte ) پاش ئەو بە پێشەوایی شیلخاك ئینشو شیناکی کوڕی بەسەر((کاسی))یەکانی پادشای بابیل دا زاڵ بوون ، بەم جۆرە پادشای ((کاسی))یەکان ، پاش دەسەڵاتێکی هەزار ساڵی ، لە ناوچوو وەبۆ دووەم جار پادشایەتێکی زۆر بە هێزی عیلام دامەزرا . هەر لەم سەردەمەا دەوڵەتی ((ئاشوری )) و ((سامی))ش لە داوێنی چیای ((زاگرۆس ))دا دامەزرا ، بەڵام لەخوار ئەو ڕیزە چیایەوە کە ڕوبارەکانی ((سیروان ـ زێ‌ی بچووك ـ زێ‌ی گەورە )) خاکی ئەوانیان لە خاکی گوتی ـ لولوبی ـ کاسی ـ عیلام ، دائەبڕی .

لە هەمووی سەیرتر لە مێژووی ((کاسی))یا ئەوەیە ، لە سەردەمی هەرە دوایی دەسەڵاتیانا کەوتبونە بە پەرستنی هەندێ لە خواکانی (( هێندو ئەوڕوپی‌یەکان )) وەك ئیندرا ـ وارونا ـ میترا ..

ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەم کاسی‌یانە خێوی ئاژەڵ و کشت و کاڵ بوون ، وە گومان ئەکرێ بۆ یەکەم جار ئەوان بن ئەسپیان ماڵی کردبێ ، وەمێژوونووسان هەندێ ـ و یا هەموو ـ عێڵ و خێڵەکانی لوڕستانی ئێست بەنەوەی پاشماوەی کاسی ئەدەنە قەڵەم .

گوێگرە خۆشەویستەکان ئەم جۆرە ، زانیاری‌یانە دەربارەی "کاسی" لە بەردە نووسەکان وەرگێراوە ، وەباشترین سەرچاوە کتێبەکانی گیرشمەن ، ریاکولوف ، وەعەلی سامی‌یە .. وەتا ووتاری ئایندە بە خواتان ئەسپێرین .

# کوردو ڕەگەزی ئاری

**ووتاری سێیەم**

بیستیارانی بەڕێز ئەم کاتە و هەموو کاتێکتان کامەرانیو خۆشی بێ . لە ووتارەکانی پێشوودا ئەوەمان ڕوون کردەوە کە زنجیرە چیای زاگرۆس لە سەرەتای بەناوهاتنی ئادەمیزادەوە ، تەنانەت لە "دەورانی بەکارهێنانی بەرددا" ، نیشتەجێی ئەو مرۆڤانە بووە کە لە ترسی باو بۆران و هەورە تریشقە و گەرماو سەرماو جانەوەرانی دڕندە خۆیان داوەتە پەنای کەندەڵان و غار و ئەشکەوتەکانی ناو چیاکان وەهەر بۆ ئەوەی زگێ تێر بکەن ، لە ناو چیاکانا کەوتوونە ڕاوی گیان لەبەران ، و پاشان وورده وورده پێش ڕەوییان کردووە ، و ئەشکەوتەکانیان بەجێ هێشتووە ، و لە داوێنی چیاکان و لە ناو چیاکان بە پێی لووان و گونجاییشی ئەو سەردەمە ، شارستانییەکیان پێك هێناوە ، و کەوتوونە بیری پەروەرش و خێوکردنی ئاژاڵ ، و دامەزراندنی کەرەسەی کشتوکاڵ ، و پێکهێنانی خانوبەرە . وەهەر وەك بۆ مێژوونووسان دەرکەوتووە لە بەشی خۆرئاوای باشووری سەر زەوی ئێرانی ئێستەدا ، لە داوێن و لە ناو چیای زاگرۆس دا چەندین گەل و نەتەوە دەسەڵاتیان پەیدا کردووە وەبەپێی ڕۆژگاری ئەو سەردەمە ڕێو ڕەوشی شارستانیی سەرەتاییان گرتۆتە پێش .. هەر وەك لە دوو وتاری پێشوودا هەندێ زانیاریمان دەربارەی گوتیو لولوبی و کاسییەکان بۆتان ڕوون کردەوە ، وددیياردییەکی کورتمان بۆ عێلامی کۆن کرد ، لەم ووتارەدا ئەوەندەی سەرچاوەی مێژویی یارمەتیمان



بدات باسێکی عێلامی دەورەی دووەم دەکەین کە دەوری دەسەڵاتیان بووە بەهیوام خزمەتی ئێمە لای ئێوەی بەڕێز پەسەندبێ .

گوێگرە خۆشەویستەکان !

عیلام یەکێ لەو وولاتە هەرە کۆنەکانی بەشی خۆر ئاوای ئاسیا بووە ، کە شوێنواری بەجێماوی نیشانەی ئەوەیە ، کە ئەم نەتەوەیە دەسەڵاتێکی باش و پێش ڕەوتێکی شایانی سرنجی بووە ، ئەم نەتەوەیە بەر لە میلاد بە چوار هەزار ساڵ ، دەسەڵاتێکی هەبووە ، بەڵام ئەوەندە بەهێز نەبووە کە بتوانێ خۆی لە چنگاڵی دڕندەی شاڵاوهێنەر بپارێزێ ، و زۆرتر توانیویە لە سای "کاسی"یەکانا خۆی پەروازە بکات . بەڵام پاش لەناوچوونی کاسی ، واتا لە سێ هەزار ساڵ بەر لە میلاد بەدواوە ، کەوتۆتە خۆی ، بەرەو شارستانی دامەزراندن ، کەوتۆتە کار ، دامەزراندنی شارستانی وەك "بسوزیانا" کە ئەکەوێتە نێوانی دوو ڕوباری کارون و کەرخەوپاشان پێی وتراوە " شوش" و "ئەنشان" کە لە دەورانی هەخامەنشیدا پێی وتراوە ئەنزان و "ماداکتو" کە نزیکی دەرەشاری دەشتی صەیمەرەی ئێستە بووە و "خایدالو" کە نزیکی خوڕەم ئاوای ئێستە بووە .. ئەمانە گەورەترین گەواهی دەسەڵات و پێشکەوتوویی عێلامن لە دەورەی دووما .

عیلام ، یەکێ بووە لە نەتەوەکانی زاگرۆس ، هیچ جۆرە پێوەندییەکی لە گەڵ نەتەوەکانی سامی وەك "سومەر ــ ئەکەد ــ ئاشور"دا ، لە ڕووی ڕەگەزەوە نەبووە . بەڵکو لە گەڵ "کاسی" و "گوتی" و "لولوجی[*]"یەکان لە یەك ڕەگەز بووە ، هەر لەبەر ئەوەیە کە نەتەوەی "کورد" لە گەڵیا خۆیان بە هاوڕەگەز دائەنێن .

---

[*] واپێ ئەچێت لولوبی بێت نەك لولوجی یان لولومبی چونکە لە سەرچاوەکان بە شێوەی لولوبی هاتووەیان لولوبوم .

عێلامی‌یەکان ، لە سەرەتادا هەندێ لە خۆزستانی ئێستەیان لە ژێر دەستدابو ، دووهەزارو چوار صەت ، و دووهەزارو سێ صەت ساڵ بەر لە میلاد ، لەسەر زەوی عێلاٚم دا چەند فەرمانڕەوایی بچوکیان هەبوو وەك (( ئاوان ــ ئادامدون ــ سوزیان ــ ئانچان ــ نیماش ــ باراخوم )) ، و لەگەڵ "ئەکەدی"یەکانی پادشایانی بابیل هەمیشە لە شەڕدا بوون ، عیلامی‌یەکان لەم سەردەمەدا چنیرری (واتا خەطی) میخی‌یان وەرگرتبوو وە بە دوو زبانی ئەکەدی‌و عیلامی بەم پیتانە ئەیاننووسی کە لە ئەکەدی‌یەکانیان وەرگرتبوو لەم سەردەمەدا (( پوزور ئینشو شیناك Pozor insho shinak ، کەوتە تەقەلای دامەزراندنی گەورەترین و بەهێزترین پادشایی "عیلام" . بەلاٚم لەو کۆششەدا سەرنەکەوت .. پاش ئەو "شوتروك ناخونتە " Shotruk nxunite وە " کوتیرنا خونتەی " کوڕی ، و " شیلخاك ئینشو شیناك" دەسەلاٚتی عیلامیان گەیاندە ئەوپەڕی هێزو توانایی ، و بە شکۆترین پادشایی‌یان دامەزراند .. و لە سەردەمی سێیەمینیان دا ، واتا لە سەردەمی ((شیلخاك ئینشو شیناك ))دا دەسەلاٚتی ئەم پادشایی‌یە پەرەی سەند ، لای خۆر ئاوای باکوری‌یەوە تا "نوزی" واتا ترکەلاٚنی نزیك شاری کەرکوکی ئێستەی خستە ژێر فەرمانی خۆی ..و لای باشوورو خوارووی وولاٚتیشەوە سنوری خۆی تا " لیان Liyan "ی ناو خەلیجی فارسی پەرە پێ دا ، وەزۆر لە شارەکانی ژێر دەستی "ئەکەد"یشی داگیر کرد ، بەسەر زنجیرە چیای زاگرۆسیشدا تا ڕاددەیێ زاڵ بوون ، وەلە شارو دیهاتەکانی ژێر دەستیانا کەوتنە درووست کردنی پەرستشگا ، بۆ خواکانیان و کەوتنە گوێزانەوەی پەیکەری خواکانی ئەکەدی و سوممەری بۆ ولاٚتی عیلام ، ئەوەبو پەیکەرەی "خوامەردوخ" یان لە بابیل گوێزایەوە بۆ سوزیانا . ئەم



پیروزی و سەرکەوتنانەی پادشایەتی "عیلام" ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسندنا بوو ، لەگەڵ دەوڵەتی ئاشووری تازە دامەزراویش دژی "بابیل" پەیمانی یەکێتی‌یان بەستبوو .

لە سەردەمی "خوتلوتوش"ی ( Xutlutua )ی پادشای عیلام دا نبوخەدنەصر Nabukhd Nassr )ی پادشای بابیل لەگەڵ عیلام کەوتە شەڕەوە ، وەبەسەریا زاڵ بوو ، سوزیانای پایتەختی داگیرکرد ، وەپەیکەرەی "خوا مەردوخ"ی لە شوشەوە بردەوە بۆ بابیل ، بەلاٚم عیلام هەرچەند شکستێکی زۆر سەختی خوارد ، بەتەواوەتی لەناو نەچو ، دژی ئاشوری‌یەکان وەستا ، و بەرنگاری لە کاسی‌یەکان کرد ، زۆر سەیرە لە سەرەتای سەدەی حەوتصەد بەر لە میلاد ، واتا کە تازە "ماد" ئالەم وەختەدا ناوی تیرەی "پارسوئاش" دێتە ناو کە هاوکاری لەگەڵ پادشای عیلام" "خومیا نومی" Xumy nomi بکاتە ، دژی سەننا خریب Senna Gherip .. وا دیارە بەشێ لە تیرەی پارسوئاش لەم سەردەمەدا گەیشتوونە هەرێمی چیای عیلام بەلاٚم هەندێ پارسوٚئاش یان بە "پارسوش" داناوە کە ناوی هەرێمی بووە .

"سەننا خریب"ی پادشای ئاشور ، کە لە ساڵانی (٧٠٣) بەر لە میلاد ، هەڵی کوتاوەتە سەر کاسی‌یەکان ، وەعیلامی‌یەکان لە سەریان هاتوونە جەواب و بەرەنگاری‌ی ئاشوریان کردوە ، ئەم سننا خریب ناوە لەبەردە نووسێکا نووسیویە :((ئەو کاسی‌یانەم ڕامکردو سەرم شۆڕکردن ، کە لەوەبەر لەگەڵ باو باپیرانما شەڕیانکردبو ، و سەریان بۆ فەرمانی ئەوان شۆڕ نەکردبو . من ئەوانەم نەوەك هەر سەر شۆڕ کرد ، بەڵکو تەرتەوەرتەم کردن و بەووڵاٚتا بلاٚوم کردنەوە )) ئالەم کاتەدا کە "سەننا خریب" لەگەڵ "عیلام" و کاسی‌یەکانی هاوپەیمانی‌دا لەشەڕدا بووە ، لەم وەختەدا (( دیوسیسی کوڕی فەرائورت )) ــ کە بەناوی

"دیائاکو" بەناوبانگە ، لەم هەڵە سوودی وەرگرت و (( هەمەدانی کردە پایتەخت ، و بناغەی دەوڵەتێکی قەوی دامەزراند ، کە لەوەپێش لەسەر شکلێکی یەکێتیی فیدرالی سەرۆکە مادەکان ، سەریان بۆ ئاشور دانواندبوو .

" سننا خریب " وادییارە لە گەڵ فەرمان ڕەوای "هاورامان"ی ئەو حەلەدا دۆستایەتی هەبووە ، چۆن کاتێ کە هەرێمی "ئالیپی"ی لە کاسییەکان داگیر کردووە ، خستویەتی ژێر دەستی فەرمان ڕەوای "هارها" کە یەکێ بووە لە شارانی تەوحەلەی هاورامان .. وەلەم سەردەمەدا شکستی شیڕاوە بە سپای عیلام ، و پادشای ئەوێیا کوژراوە ، یا لە شۆرشی میللەتا دەرکراوە .. چونکە ئەبینین لە سەرەتای حەوت صەدە بەر لە میلاد دا کابرایێ کە ناوی هاڵوشو Hallosho بووە ، لەسەر تەختی پادشایی عیلام دانیشتووە . بەلاّم میللەتی عیلام دژی ڕاپەڕیون وەلە تەخت هێناویانەتە خوارەوە و ((ئوکودورناخونتە Okodurnaxnte ))یان لە جیێی داناوە ، کەیەکێ بووە لە بنەماڵەی پادشایێ کۆن . ئەم پادشایە کە دیی لە پێ دەشتی "شوش"دا ناتوانێ بەرنگاری لەگەڵ ئاشوربکات ، پایتەختەکەی گوێزایەوە بۆ "ماداکتو" نزیکی دەرە شاری دەشتی صەیمەرە ، پاشان لەوێشەوە گواستویەتییەوە بۆ شاری "خایدالو" کە گومان دەکرێ نزیك بە خوڕەم ئاوای ئیستە بووە ، وەپادشایانی عیلام هەر کات لە سوزیانا و لە ماداکتو بکەوتنایە ترسەوە ، خۆیان ئەدایە پەنای شاری "خایدالو" کە لایێکی چیا ولاییێکی ڕوباری کارون بووە ئەم ئوکودور ناخونتەیە ، گەر چی لە شالاّوی ئاشورییەکان ڕزگاری بوو ، بەلاّم زۆری نەبرد ، یارو یاوەرانی دەربار هەڵیان کوتایە سەری و کوشتیان و "هوبان ئیمنا" نەخۆشیی شلەپەتەپێ بو ــ کە پێی ئەوەتری فەلەج ــ



وولاّتەکەشی بەرامبەر شالاّوی پەی دەرپەیی "سەننا خەریب" کەوتە ئاژاوە و بشیونە بەم جۆرە لە نیوەی صەدەی حەوتەمی بەر لە میلاد ، ئەم دەوڵەتی عیلامەش ، ڕوّخا ، و کەوتە ژێر چنگی ئاشور .

گوێگرە خۆشەویستەکان ، بەرنامەکەمان لێرەدا دوایی هات . لە وتارەکانی ئایندەدا ، باسی هەندێ تری لەو دوڵەتانە و گەلان دەکەین کە بەنەتەوەی زاگرۆسی ناسراون ، وەلەگەڵ ڕەگەزو ڕیشەی ئارییا تێکەڵ بوون وەکوردەکان خۆیان ئەبەستن بەوانەوە جا تاوتاری ئایندە بە خواتان ئەسپێرین ئەم کاتەو هەموو کاتێکتان شادیبێ .

# کوردو ڕەگەزی ئاری

**ووتاری چوارەم**

بیستیارانی بەڕێز ئەم کاتەو هەموو کاتێکتان کامەرانیو شادی بێت . لە وتارەکانی پێشودا گەلاڵەییێکمان دەربارەی مێژووی نەتەوەکانی : گوتی ـــ لولوبی ـــ کاسی ـــ عێلامی ـــ نووسیبو ، کە لە کۆنترین چیاکانی زاگرۆسن ، ئەوەشمان ڕوون کردەوە کە ئەم نەتەوەیانە هەرچەند هەندێکیان هاوچەرخ بوون ، و هەندێکیشیان بەرەو دووا دەسەلاتیان گرتۆتە دەست ، بەلام ئەمانە لە بەشی لای خۆر ئاوای باشووری ئێرانی ئێستەدا ، لە زنجیرە چیای زاگرۆس و لە داوێنی چیاکەدا نیشتەجێ بوون ، لە کناری خەلیجی فارسیو ڕوباری کارونەوە تا ڕوباری دەجلە ، ئێستە دەس ئەکەین بە باسی ئەو نەتەوەیانە کە لە نێوانی فوڕات و ناو چیاکانی زاگرۆس دا ژیاون تا چیاکانی ئارارات . جا یەکێ لەو نەتەوەیانەی لەم وتارەدا دەربارەی ئەدوێین نەتەوەی "میتانی" Mitaniy یە .

نووسەری کتێبی "مێژووی بابیل" نەتەوەی میتانی بە لقی نەتەوەی "کاسیی ئاری" داوەتە قەلەم ، بەلام نووسەری کتێبی ((نەتەوەکانی مێزوبوتانیا)) نەتەوەی میتانی بە لقێ لە نەتەوەی "سوباری" داوەتە قەلەم . بەلکو هەندێ لە مێژوو نووسان ووتویانە سوباری و میتانی هەر یەك بوون ، بەلام ناوی "میتانی" ناز ناوی بنەماڵەی پادشاییێتی بووە . وە" سوباری " ناوی نەتەوەکەی ژێر سایەی دەسەلاتی میتانی



بووە . هەرچۆن بێ میتانی یا سوباری نەتەوەیێکی ئاری بووە ، لەو پەیمان نامەو نووسراوانەدا کە میتانی و هیتی Hiti یەکان لە گەلێ یەك گۆڕیویانەتەوە . ناوی خواکانی هیندو ئێرانی تۆمار کراوە ، وەك ئیندرا Endira ـــ ڤارۆنە Varune ـــ میترا Mitra ـــ ناستیا Nastiya .

ئەم نەتەوەی سوباریيە کە لە بنەماڵەی پادشاییێتییانە نازناوی "میتانی" بۆ ماوەتەوە ، شازدە صەدە یا یازدە صەدە بەر لە میلاد ـــ واتا هەزارو شەشصەد ساڵ ـــ یا پێنجصەد ساڵ بەر لە میلاد ـــ لە باکوری جزیرەی ئیبن عومەردا کە کوردە واری پێی دەڵێن جزیرو بۆتان ـ یا ڕۆشنتر بلێین لەو سەرزویيەدا کە دەکەوێتە نێوانی موصلٌ و جەڕابولسەوە ـــ دەولەتێکی زۆر بەهێزی دامەزراندووە ، پایتەختی ئەم دەوڵەتە "واششوگانی" Wasshugani بووە ، لەو سەردەمەدا سێ دەوڵەتی تری وەکو میتانی بەهێز هەبووە (( هیتی ـ کاردونیاش ـــ میصر)) . لە نیوەی صەدەی پانزەیەمی بەر لە میلادا لە سای پادشاییێتی "سوساتار Susatara " دا کە کوڕی پارساتاتار Partatar بوو ، ئەم ولاتە گەشایەوەو پەرەی سەند ، و هەڵی کوتایە سەر ئاشور کە دەکەوتە سنووری خۆرهەلاتی باشوری و بەرەو چیاکانی زاگرۆس تەنیيەوە . بەپێی ئەو دەست وێزانەی لە هەرێمی کەرکوك دۆزراوەتەوە ، دەبێ ئەم هەرێمە کەوتبێتە ژێر دەسەلاتی سوبارییەوە .. پاش" سوساتار " "ئاراتاتاما " Artatamaی کوڕی پەیوەندی لە گەلێ "میصر" بەهێزکرد ، وەکچەکەی خۆی دابە "توتمس Tutmus"ی فیرعەونی چوارەمینی میصر . بەم جۆرە توانی خۆی بپارێزی لە هەڕەشە و گوڕەشەی هیتی "یاحیثی"یەکانی لای خۆرئاوای . وگوایە ئەم یەکەم جار بووە کە خانمێکی بێگانەی " نا

میصری " ببێ بە شاژنی یەکێ لە فیرعەونەکانی میصر . ئەم کچەی "ئاراتاتاما" ناوی "موتمویا"Moutmouya بووە . پەیوەندی نێوان میصر و میتانی ماوایێکی زۆر بە خۆشی ماوەتەوە ، بەم هۆیەوە "ئامنۆفیسن"ی (Amnouphisn)ی سێیەم کە بووە بە جێ نشینی توتموسی باوکی ، ولەقەبی فیرعەونی میصری پەیداکردووە ، ئەویش پەیوەندی نێوان میصرو میتانی بەهێز کردووە ، وکچی سوتارنا Soutarnaی پادشای میتانی خواستووە ، ئەم پێوەندی و تێکەڵیی‌یە هەروەك میتانی بەهێزتر کردووە ، دەوڵەتی میصرشی بەهێز کردووە . پاش مردنی "سوتارنا" کە توسراتای کوڕی Tousrata بوو بە جێنشینی ، وەپەیوەندی نێوان میصرو میتانی کەوتە کزی "متیوەز" Matiwazی کوڕی دژی ڕاپەڕیو کوشتی وبوو بە جێنشینی . ئەم دوبەرەکیو ناکۆکی‌یەی کەوتە میتانی بوو بە هۆی ئەوەی دوژمن قەپ لە دەوڵەتەکە خۆش بکات ، پادشای هۆری Houri کە ناوی وارتاتاما Wartatama بوو ، لە گەڵ ئاشوری‌یەکان پەیمانی بەست و خاکی میتانی داگیر کرد ، بەڵام "مەتی وەز" لەوە زرنگتر بوو ، کە وڵاتەکەی وەها بە ئاسانی لەدەس بدات ، لە گەڵ هیتی‌یەکان بوو بە هاوپەیمان و بەیارمەتی سوبیلولیوما Subiluliumaی پادشای هیتی وڵاتەکەی لە چنگی هیتیو ئاشوری‌یەکان رزگار کرد ، و"بیاسیل" Biassil ی کچیشی خواست ، وەبەم جۆرە پەیوەندیی دۆستایەییێتیی بەهێزتر کرد ، وتا ماوایێ هەردوو وڵاتەکەی لە شالاو و هەڵمەتی دوژمنی پاراست . بەڵام لە نیوەی صەدەی چواردەهەم بە دواوە ، کە "ئاشور" پەرەی سەندبوو خوێنڕێژان کەوتبووە پەرەدان بەدەسەلاتی خۆیو بە تەنینەوەی خاکەکەی ، هەلی بۆ هەڵ کەوت ، و شالاوی کردە سەر میتانیو هۆری ، و هەردوو وڵاتەکەی داگیر کرد ، وەخستی‌یە سەر



قەڵەمڕەوی ئاشور . ئەم شالاوەی ئاشوری‌یە وا دییارە لە سەردەمی قەڕاڵێتیی "تیگلات پلاسەر" داروی داوە . پاش ئەوە کە "ئاشور ناصر پال "ی سێیەم بوو بە قڕالی ئاشور ، هەردوو وڵاتەکەی بەتەواوی داگیر کردو بەم جۆرە دەوڵەتی میتانی لە صەدەی سێزدەیەمی بەر لە میلاددا بەتەواوی ڕوخا و لەناوچو .

میتانییەکان خێوی ئاژاڵ بوون ــ وولاغی بەرزە شیان هەبووە ، وادییارە لەم سەردەمەدا ئەسپ و مایینی کێوی ، تازە ماڵی کرابوو ، وخرابوونە ژێر عەربانە و فێری سواری کرابوون ، وەئەم کارە سروشتی ئاری نژادەکان بوو . لەم میتانی‌یانە دەستاوێزێکی شەشصەت دێڕی ماوەتەوە کە لە سەر تاشە بەردێ نووسراوەو بە زبانی میتانی لە گەڵ ئەوەش دا کە دەوڵەتەکانی هەرێمی زاگرۆس ( کاسی ــ عیلامی) نوسینەکانیان بە زبانی ئەکەدی بووە . سەیر ئەوەیە کە" میصری "یەکان بە میتانی‌یەکانیان وتووە " ناهاری " وا دییارە ناوی " نایری " کە دراوە بە هەرێمی "شەمدینان" لە ناوی کۆنی "ناهاری" یەوە ماوەتەوە ، با ئەوەشمان لە بیر نەچێ کەلە "تەورات"دا بەم قەومە ووتراوە "ئارام ــ ناهارام" .

لە کوردستانی تورکیادا ، ئەمڕۆ عێڵی هەیە ناوی "میتکان"ە ، دەبێ ئەم عێڵە پاشماوەی قەومی میتانی بێ .. "هۆری"یەکانیش کە دەوڵەتێکی بچوك بوون لە نێوانی خاکی میتانی و سوریەی باکوری دا و پایتەختیان شاری "ئورفە" بوو ، ڕەنگە هەر " هەرکی"یەکانی ئێستە بووبن ، کە هەرێمەکەیان ئەکەوتە وڵاتی "حەکاری" واتا نێوانی "رەضائیە"ی ئێستە تا "ئورفە" ئەمە وەها گەورەترین دەستاوێزی کە دۆزراوەتەوە لە هەرێمی تەل عامارنە Tell Amarne نامەیێکە لە سەر بەرد هەڵکەنراوە ، توسراتای Thushratta پادشای میتانی بۆ

"ئامنوفیس"ی سێیەمی فیرعەونی میصری نووسیوە لەسەرەتای صەدەی سێزدەیەمی بەر لە میلاددا ، کە نامەکە تەنیا شتێکی خانەوادەیی‌یە ..

گوێگرە بەڕێزەکان ئەو باسانەی کە دەربارەی وڵاتی میتانی لە مێژوودا هەبووە بە کورتی پێشکەشتان کرا تا بەرنامەی ئایندە بەخواتان ئەسپێرین



# کوردو ڕەگەزی ئاری

**ووتاری پێنجەم**

گوێ گرە خۆشەویستەکان ، شادیتان هیوای نووسەرو بەڕێوەبەرانی ئەم بەرنامەیە . لە ووتارەکانی پێشودا چەمکێك لە مێژووی نەتەوەکانی زاگرۆس ڕوون کرایەوە ، گەلاڵەیێ دەربارەی نەتەوەکانی (( گوتی ـ لولوبی ـ میتانی ـ کاسی ـ عیلام )) باس کرا .. ئەم جارە ئەکەوینە باسی یەکێکی تری لە نەتەوەکانی بەرەو خۆر ئاوای باکوری زاگرۆس ، ئەم نەتەوەیە ناوی " نایری " یە .

بیستیارە بەڕێزەکان ، وا دییارە نایری‌یەکان کە بە کۆنترین ڕیشەی کورد ئەدرێنە قەڵم ، لە چەند عێڵێکی گەورە پێك هاتبن ، و چەند فەرمان ڕەوایی‌یەکیان بووبێ ، چونکە قەرالی ئاشوری" تیگلات پلاسەر "وای بە خەرج داوە کە لە گەڵ بیست و سێ پادشای نایری‌دا شەڕی کردووە . نیشتمانی ئەم نایری‌یانە لە خۆرهەڵاتی وان و سەرچاوەکانی فوراتەوە دەستی پێ کردووە تا هەندێ لە هەرێمەکانی ئازەربایجان غەربی‌ی ئێستە . وادییارە کە "مانی" یا "ماننای" یەکێ بووبێ لەو فەرمانڕەوایانە . جا دوور نی‌یە هەرێمی نەهرێ لە ئوستانی حەکاری تورکیا ، کە کورد هەم پێ‌ی وتووە نەهرێ ، هەم پێ‌ی وتووە شەمزینان ، یادگاری دەوڵەتی نایری بێ ..

نایری هەرچەندە لە زۆر کۆنەوە ناوی لەسەر بەردە نووسەکان تۆمار کراوە بەڵام دیسانەوە وەك دەسەڵاتەکانی تری خاکی زاگرۆس مێژوو

کەمتر شتی دەربارەی تۆمار کردووە .. ئەوانەی کە هەبێ لە دەستاوێزە ئاشوورییەکان هەڵێنجڕاوە "توکولتی نینورتا"ی Toukoulti Ninurtی قەڕاڵی ئاشوری لە بەردە نووسەکاندا کە بەدەستوری ئەو نووسراوە ، لە ماوای فەرمان ڕەوایێتییەکەیا کە لە ساڵی ١٢٥٥ پێش میلادەوە تا ١٢١٨ بەر لە میلادی خایاندووە ، وای داوەتە قەڵەم کە توانیویە نەتەوەی نایری سەر شۆڕ بکات ، وەبیان خاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی ... بەڵام وادییارە نایرییەکان زوو خۆیان لە ژێر دەسەڵاتی ئاشور دەرکردووە ، و سەربەستی خۆیان وەدەس هێناوەتەوە .. بەڵام دووبارە تیگلات پلاسەری یەکەم شاڵاوی بردۆتە سەر نایرییەکان ، وەهەر وا سەر ئەرمەنییەکانی هاوسێیان ، وەهەر دوو لای خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆی . ئەم تیگلات پلاسارە لە ساڵانی ١١١٦ بەر لە میلادەوە تا ١٠٩٠ بەر لە میلاد قەڕاڵی ئاشوری بووە . لە ساڵانی ٨٩٠ بەر لە میلادەوە تا ٨٨٤ بەر لە میلاد ، دیسان توکوڵتی نینیب Toukoulti Ninib شاڵاوی بردۆتە سەریان بەڵام وادییارە نەیتوانیوە بەسەریان سەربکەوێ چونکە ئەبینین کە ساڵی ٧٤٣ بەر لە میلاد ، دیسان تیگلات پلاسەری چوارەم ، هەموهێزی خۆی کۆدەکاتەوە ، و شاڵاودەباتە سەر وڵاتی نایری بەڵام شکست دەخواو نایرییەکان ئەکەونە هەڵمەت دان و شاڵاو بۆ سەر ئاشور . ئەمە بۆمان دەرئەخات "نایری"یەکان لە سەردەمی دامەزرانی یەکێتیی ئەمیرانی زۆر بەهێز بوون . پاش "تەکوڵتی" ئنجا سەننا خریب Sanna Xeribی قەڕاڵی ئاشور ، هەڵی کوتایە سەر وولاتی "نایری" ، بەڵام ئەم جارە شەڕەکە بەدەوروبەری چیای" جودی"دا ڕووی دا ، ئەمە بۆمان دەرئەخات نایرییە چادر نشینەکان کە لە بیست و سێ سەردارێتی پێك هاتبوون و لەمەهابادەوە تا سەر سنوری ئەوپەڕی دو



"ئوستانی" حەکاریو جزیرو بوتانیان لە ژێر دەستا بوو ، لەم سەردەمەدا پەرەیان سەندبوو ، بۆ دەوروبەری چیای "جودی" کە یەکێك بوو لە لوتکەکانی ئارارات . پاش ئەوەی کە دیوسیس ــ واتا دیاکو ـــ ی پادشای ماد توانی لە عێڵاتی مادو سەردارەکانیان یەکێتییەکی بەهێز پێك بهێنێ و خۆی بە یەکەم پادشای ماد بداتە قەڵم ، لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەش بویە هاو سوێن کە بە دەورو بەرییا بوون وەك: نایری ــ شیڤی ــ کاسی ــ مانی ــ یاماندای ــ و هەوڵی دایە خۆی و هاوسێکانی لە ژێر چنگی ئاشور رزگار بکات . ئەوە بوو لە سەردەمی ئاسرە هدونی قەڕاڵی ئاشوریدا کە لە ساڵانی ٦٨١ بەر لە میلادەوە تا ٦٦٩ ەر لە میلاد فەرمان ڕەوابوو هەڵی کوتایە سەر ئاشور بەڵام سەرنەکەوت . پاش ئەوە ئنجا "فەراوەرتش" کە بوو بە پادشای ماد بیری لەوە کردەوە کە هەڵ کوتێتە سەر ئاشور ئەویش لە ئارەزووکەیا سەر نەکەوت . بەڵام سێیەمین پادشای ماد کە هیرودوت ناوی ناوە "کەیئەخسار" و لە مێژووی ئێران دا پێی دەوترێ "هوموخ شەتەر" ە . شاڵاوی کردە سەر ئاشورو دەوڵەتەکەی تەفروتونا کرد ، و خاکی وولاتەکەی بە تورەکەبێژا و سنووری وڵاتەکەی خۆی پەرەپێدا ، و "نایری" و "مانی" و هاوسێکانی ماد کە دەوڵەت و سەرداریيەتی بچووکیان لە کوردستانا هەبوو هەموویان تێکەڵ بە ماد بوون و بەم جورە ناوی "نایری" ناوا نەما .

هەر لە ڕیزەچیاکانی زاگرۆس دا لو نێوانی سەرچاوەکانی دوو ڕوباری دیجلەو فورات دا ، تا نزیکی زریاچەی رضائیە و زێی گەورە ( زاب کبیر ) چەند فەرمان ڕەوایی یەکی بچوکی تری هەبون ، ئەمانە گەر چی لە مێژووا دەورێکی زۆر گەورەیان نەگێراوە بەڵام لەبەر ئەوەی کە بە گومانی ئێمە ، ئەم دەوڵەتە بچوکانە تا ئێستەش یادەگەریان ماوە ،

دەبێ لە مێژووی ئاری نەژادانا فەرامۆش نەکرێن . یەکێ لە فەرمانڕەوایییەکانی سوبارییەکانە ئەم سەرداریيە بچوکە ، وا دییارە بە خۆی و نەوەکەوە هەر بەکۆچەری ژیاون ، و لەنێوانی ئاسیای بچوك و سوریەو کەردستانی عێراقی ئێستە و لای خواری قەفقازدا ، لە هات و چودا بوون . بە دووری نازانم کە "زێباری"یەکانی ئەمڕۆ پاشماوەو یادگاری ئەم نەتەوەی سوبارییە بن . هەروا "هوری" ، ئەم نەتەوەی هورییە لە نێوانی چیای زاگرۆس و دەریاچەی "زریاچەی" (رضائیة)یەی ئەمرۆدا ئەژیان ، ئەمانە لە پاومان و دووا دوایی صەدەی هەژدەیەمی بەر لە میلاد ــ واتا هەزارو هەشتصەد ساڵ بەر لە میلاد توانییان سوریە داگیر بکەن . شەش تەختە بەردی نووسراو لە "ماری" و چەند تەختە بەردی لە ئالاڵخ لە دەشتی ئەنطاکیەی سوریە دۆزراوەتەوە ، گەلێ یادگاری تریان لێ جێماوە . ئەم "هوری" یانە بە گومانی ئێمە دەبێ "هرکی"یەکانی ئەمڕۆ جێگیری ئەوان بن ، کە عێلێکی گەورن ، و بە جۆرێکی کۆچەری ئەژێن ، و تا ئەم نیو صەدەی بیستەمی دوایییە کە ڕێیان لێ بەستراوە هەمیشە لە نێوانی زەریاچەی (رضائیة) و دەشتی سوریەدا لە هات و چۆدا بوون .

گوێگرە خۆشەویستەکان لە ووتاری ئایندەدا باسی "خالدی" یەکان دەکەین ، کە بە "ئورارتو" ش ناسراون ئێستە کاتمان تەواو بوو تا ووتاری ئایندە بە خواتان ئەسپێرم .



# کوردو ڕەگەزی ئاری

**ووتاری شەشەم**

گوێگرە بەڕێزەکانی " ووتاری کوردو ڕەگەزی ئاری" ئەم کاتەو هەموو کاتێکتان باش ، کامەرانی و شادیتان هیوای نووسەرو بەڕێوەبەرانی ئەم بەرنامەیەیە .

لو ووتاری پێشودا بەڵێنمان دانێ کە ئەم ووتارە تەرخان ئەکرێ بۆ باسی "خالدی" یەکان کە ناویان بەچەند جۆرێ براوە " هاڵدی ــ کاڵدی ــ ئورارتو " . ئەم نەتەوەی "خالدی" یە هەرچەندە کەوتووەتە لای باکوری خۆر ئاوای " زاگرۆس" و دەوروبەری چیای " ئارارات " بەلاّم لە ئاری نژادی بوونیا ن گومانێ نییە ، وەکوردەکان و ئەرمەنییەکان ، بەڕیشەی بنەچەکەی خۆیانی دائەنێن . تا ئێستەش لە کوردستان زۆر عێڵ و تیرە هەن نازناوی "خالدی" یان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە . وەك تییرەی "خەلەدی" یەزیدی ، وەك تییرەی خالدی کەڵۆڕ ، بەلاّم زۆر سەیرە کە ئەمانە خۆیان بە نەتەوەی "خالید کوڕی وەلید " ئەدەنە قەڵەم ، لەگەڵ ئەمەشدا کە مێژوو شایەتی ئەدات کە "سلێمانی کوڕی خالیدی وەلێد" وجاغ کوێر بووە .. ئەم جۆرە نەخۆشیو جۆرە هەڵسەپاردنەیە قارەمانان و پیاوانی ئازاو گەورەدا لە هەموو نەتەوەییێکا باوە .. تەنانەت لەناو کوردا کە هەندێ خۆیان دەکەن بە عومەریو هەندێ بە عوسمانیو هەندێ بە خالیدیو هەندێ عەبباسیو هەندێ بەساسانی . جا دەبێ بزانرێ کە "خالدی" یەکان

پاش ماوەی نەتەوەی "خالدی" کۆنن کە نۆ صەدە بەر لە میلاد بەهێزترین دەوڵەتیان هەبووە ..ولاّتی خالدی‌یەکان ، ئەکەوتە پێوانی ڕوباری ئەرەس و زەریاچەی ئورمی‌یە "واتا رضائیة" و زەریاچەی وان ، و لەگەڵ نایری‌یەکان هاوسێبوون . بە پێی بەردەنووسەکانی ئاشوری ، دەوڵەتی خالدی نۆصەدە بەر لە میلاد دامەزراوە ، و لە سەرەتادا بریتی بوون لە چەند عێڵ و تیرە کە هەر یەکەیان فەرمان ڕەواو سەرداری خۆی هەبووە ، پاشان یەکێتی‌یەکیان پێك هیناوە و "ئارمە" ناو بووە بە پادشای "خالدی" ، و لە سالأنی ۸۸۰ بەر لە میلاددەوە تا ۸٤٤ بەر لە میلاد فەرمان ڕەوابووە و توانیویە "نایری"ش بخاتە نێو چەمەرەی یەکێتی‌یەکەوە . ئاشور ناصر پالی دووەم کە لە گەڵ "ئارمە" هاو چەرخ بووە و لە ساڵی ۸۸٤ی بەر لە میلادە و تا۸٥٥ بەر لە میلاد فەرمان ڕەوابووە لە یەکێتی‌ی "ئورارتو" و "نائیری" ترسی پەیدا کردووە ، و هەندێ لە شارانی سەر سنووری داگیر کردووە لەبەشی "نائیری" کە بریتی بوون لە "کیرۆری" و "کاشیاری" و ماتیاتی" و . کە ئەم شارانە لە دەوروبەری "ڕەواندز ، ماردین ، طورعابدینی "ئیستە بوون . پاش "ئاشور ناصر پاڵی دووەم" کوڕەکەی بووە بە قەڕاڵی ئاشور کە ناوی "شەڵما نەصری سێیەم" بو . ئەم پادشایە کە لە ۸٤۹ پێش میلادەوە تا ۸۳٤ بەر لە میلاد قەڕاڵی ئاشور بو ، کەوتە شوێن پێی باوکی ، و شەڕو کوشتار و کیشوەر گوشایی دەسی پێ کرد و پایتەختی "خالدی" ی ئاگر تێ بەردا کە شاری "خوبوشکیا" بو نزیك بە "جولاّمیرك"ی ئێستە و شاری "ئارزاشکون" کە دەبێ "مەلازگورد"ی ئێستە بێ پێشکەوت و ئەویشی ئاگر تێبەردا ئنجا پەیکەرەی خۆی لە سەر کێوی "ئیریتیا" لە چیای ئالاّداغ دامەزراندو کەوتە داگیرکردنی شارەکانی "نائیری" ـ کە لە گەڵ



"خالدی" هاوسوێن بو ـ و سەرزەوی‌ی "گیلزان" و "زراوەندی" داگیر کرد و جۆرێ وێرانی کرد کە بەردی بەسەر بەردەوە نەهێشت .. ئەم گیلزان وە زرامەندە لە هەرێمی ئێستەی شاری "شاهیور" دابوون ـــ واتا سەلماسی کۆن:–" شەلما نەصر " پاش ئەم داگیرکاری‌یە ئنجا لەسەر تەختە بەردێ ئەم باسەی هەڵکەند : ((ئارمە ، لەترسی من پایتەختی ولاّتەکەی خۆی ـــ شاری "ئارزاشکون"ی بەجێ یشت ، و پەنای بردە چیای "ئاددوربی " ، بەلاّم من ، دووی نەبوومە ، تا خۆی و چەند هەزار کەسیکم لە نەتەوەی "خالدی" بەدیل گرت ە شارو دیهاتەکانم تالأن کرد و گەڵێ کەسم خنکاندو کرد بە دارا و هەر وەك گای کێوی شارو دێیەکانم ژێرو ژوور کرد )) .. ئەمە بوو بەردەنووسی کە شەلما نەصری قەڕاڵی ئاشور بە یادگار هێشتویەتی‌یەوە . هەقی‌شی بووە کە خۆی بە گای کێوی بداتە قەڵەم ، چونکە ئەم تەرزە کرداره لە کێوی ئەو شێتەوە نەك لە کەوی و ئادەمیزاد .

بەلاّم شەردوری یەکەم "یاساردورلی یەکەم" لە پاومان و داوینی صەدەی نۆیەمی یش میلاددا بوو بە ادشای خالدی ، هەوڵی دا کە وولاتەکەی لە ژێر دەستی ئاشور ڕزگار بکا ، و خۆی بە ناوی شای بە دەسەلاّت ناوبەرێ ، و لە گەڵ نائیری‌یەکان پەیمان ببەستێ دژی ئاشور . جا شاری "وان"ی لە کەرەستەو دارو بەردی وێرانەی شاری "ئالنیون" Allnion دروست کرد و لە سەر تەختە بەردی بە خەتی ئاشوری بەم جۆرە خۆی ناساندووە: (( من ، شاردوری کوڕی لوتی پەری ، شای گەورەو بەهێز ، و شای شایان ، و شای هەمووان ، شای ولاّتی نائیری‌م )) کە یەکێتی نائیری و خالدی ڕون ئەکاتەوە . پاش "شاردوری" کوڕەکەی جێی گرتەوە کە ناوی "ئیسپونیس" وەیا "ئیشیوای نیس" بو ، ئەم کوڕە لە دەوروبەری ۸۲۸ بەر لە میلادا لە

سەر تەختی پادشایی دانیشت و یەکەم کاری ئەوەبوو زبانی ئۆڕاتویی ( واتا خالدییەکانی ) کرد بەزبانی ڕەسمی ولاّت ، و زبانی ئاشوری لە ناوا لابرد ، و کەوتە شەڕو شۆڕ و شارو دێ داگیرکردنەوە ، و ئازادکردنی وولاّت لە چنگی ئاشوری ، و ئەم باسانەی لە سەر تەختە بەردێ بە دوو زبانی خالدی و ئاسوری نووسی . ئەم بەردە نووسە لەکەلەشینە ، لەسەر ڕێگەی ڕەواندز ــ شنۆ .

ئیسپونیس ، پاش ئەوەی کە ولاّتەکەی پەرە پێ دا ، وادییارە یەکێتیی مادەکانی لە گەلّ خۆی کردووە بە هاو سوێن دژی ئاشوری ، و کوڕەکەی خۆیشی کە ناوی "مینوئا" (یا مینوئاس) بووە ، لەگەلّ خۆی کردووە بە فەرمان ڕەوا ، و سنوری ولاّتی خوارەوە تا سەر سنوری ئاشور ، و لای باکورەوە تا سەر سنوری ئەرمەنستانی سەروو ، پەرەی سەندووە . لە سەردەمی "ئارگیشتیی یەکەم" ی کوڕی "مینوئا" کە لە سالاّنی ٧٨٥ پێش میلادەوە تا ٧٥٣ بەر لە میلاد فەرمان ڕەوا بووە ، زۆر پەرەی داوە بە وولاّتی خالدی .. وادییارە بەشی باکوری و بەشی خۆرئاوای کوردستانی لە ژێر دەسەلاّتی بێگانە رزگار کردووە ، و سالّی ٧٦٦ بەر لە میلاد تا دهوکی ئێستەی لە ژێر دەستا بووە و لە دهوك بەردەنووسێکی ئورارتی دۆزراوەتەوە ، گەواهە لەسەر ئەم پەرەسەندنە . جگە لەم بەردەنووسە ، ئارگێشتی یەکەم لە دیواری قەلاّی وان دا ، لە سەر بەردەکان سالّنامەی کاری ولاّتی تۆمار کرد .. ئەم سالّنامەیانە گەورەترین شایەت و گەواهن بۆ مێژووی ئورارتو .

با لێرەدا ئەوە ڕوون بکەینەوە کە ناوی "خالدی " کەناوە بۆ کۆمەلّەی ئەو عێلّ و تیرەیانی کە لە دەوروبەری چیای "ئارارات" دائەنیشن هەر لە سنوری حەکاری و نایری و ئاشورەوە تا قەفقاز و



زریەی ڕەش ، ئەم ناوە لە وێوە هاتبو کە ئەم نەتەوەیە پەرستشی "خالد"یان دەکرد ، و خوای ئەوان ناوی "خالد" بوو .. بەلاّم ناوی " ئوراراتو" لە ناوی چیای ئاراراتەوە پەیدا بووبوو .

بیستیارانی خۆشەویست لێرەدا باسەکەمان دووایی پێ ئەهێنین و لەووتاری داهاتودا دیسانەوە لە سەر باسی "خالدی" یەکان ئەڕۆین .

# کوردو ڕەگەزی ئاری

**ووتاری حەوتەم**

بیستیارانی بەڕێزو خۆشەویست شادیو کامەرانیتان تەنها هیوای ئێمەیە . لە ووتاتری ڕابوردوودا بۆ ئێوەمان باس کرد ن کە یەکێکی تری لە نەتەوەکانی کۆنی ئاری نەتەوەی "خالدی" یا "هالدی"یە ، کە ناوەکەی لە ناوی خوای پەرستراوی ئەوحەلەیانەوە پەیدا بووە کە ناوی "خەلدی" بووە . هەر وا بەم نەتەوەیان ووتووە "ئۆرارتو" چونکە لە دەوروبەری چیاکانی "ئارارات" دابوون ، ئەرمەنیەکان خۆیان هەڵواستووە بە خالدیی‌یا ولایان وایە کە ئەچنەوە سەر ئەم نەتەوەیە ، وەهەر وا لایان وایە کە ناوی "ئەرمەنی" لە "ئارمە" وە هاتووە کە یەکەم پادشای خالدی بووە .. بەلاّم ئەوەی مێژوو بۆمان دەرئەخا ئەوەیە کە نەتەوەی "خالدی" پاش ئەوەی لە صەدەی شەشەمی بەر لە میلاددا ، بەرامبەر بە "ئاشور" بێ هێزو بێ دەسەلاّت بوون ، و لە ناو خۆیانا کز بوون ، ئەرمەنییەکان توانیویانە ولاّتەکەیان بخەنە ژێر چنگی خۆیان ، و لێرەوە ئەم باوەڕە پەیدا بووە . ئەمەش شتێکی گرنگ نەبووە ، چون خالدییەکان نەتەوەی ئەرمەنیان بەیەك نەتەوەی ئاری داوەتە قەڵم ، وە لە گەل ئەوان دا هاوکارییان زۆر پێ ڕاستتر بووە ، لەوەی لە ژێر دەستی ئاشورییە سامییە وێران کارەکان دا بژین یا ببن بە دۆست .. جا ئێمە لەم ووتارەشا لە سەر باسی "ئورارتو" ئەڕوین ، کە بزانین سەر ئەنجامی ئەم نەتەوەیە بووە بە چی؟



گوێ گرە خۆشەویستەکان ! لە ووتاری پێشودا دییاردیمان کرد بۆ ئەوەی: "ئیشوپین کوڕی سەردور" کە قەڕاڵی بە دەسەلاّتی ئورارتوبو ، پاش ئەوەی زۆر کاری بەسودی لە وولاّتا ئەنجام دا ، و چەند بەردەنووسی دەربارەی کارەکانی هەڵکەند .. ئنجا کوڕەکەی لە دەسەلاّت دا کردی بە هاوبەشی و هوکاری خۆی .. ئەم "مینوئا" یە زۆر شایستەو لێ هاتوبوو دەربەستی ئاوەدانیی وولاّت بو ، لە یەکەم هەنگاودا کەوتە ڕاکێشانی کەناڵێ ــ واتا جۆگەیەکی گەورە ــ بۆ شاری "تۆشیا" کە شاری وانی ئێستە جێی ئەو شارەی ڕ کردۆتەوە . هەروا کەوتە پەرەپێ دان بە ساختمان و سەرای گەورە گەورە ، ودامزراندنی شارو دێی ئاوەدان ، وکارەکانی خۆی لە "صەد و چەند" بەردە نووسا تۆمار کرد . بەلاّم ئەوەی زۆر سەیرە ئەوەیە کە خەلقی دەوروبەری "وان " ناوی ئەو کاناڵەیان ناوە "کەناڵی شەمیرەم "و "پاڵشتیان " داوە بە "شەمیرەم"ی ئاشوری واتا "سەمیرامید" ی دایکی ئادادینداری سێیەمی قەڕاڵی ئاشوریی دوژمنی ئورارتو ، کە هاوچەرخی "مینوئا" بو .. ئەم کەناڵە هەفتا کیلۆ مەتر درێژایی بوو ، سەرچچاوەی کەنالچەکە پیچنج کیلۆ مەتر ڕێ لە خوار"ڕوباری خۆشا"وەوە هەڵ ئەستا . ئەم ئاوە بۆ خواردنەوە بوو .چون زریاچەی وان ئەوەندە سوێرو تاڵە کە بۆق و ماسیشی تییا ناژێ .

"مینوئا" شاری "موساسیر"ی داگیر کرد ، کە ئەکەوتە خۆرهەلاّتی بەرەو باشوری زریاەی وان ، و لەوێ پەیکەرەی بۆ "سەردوری" برای مینوئا دامەزرندرا کە یەکێ بوو لە کاهینەکانی خوای خالدییەکان . وادییارە موساسیر لەجێی سیرەکانی ئەمڕۆ بووە . پاش مینوئا ، ئارگیشتی لە جێی باوکی بووە بە قەڕاڵ ، لە ٧٧٨ بەر لە میلادەوە تا ٧٥٠ بەر لە میلاد ، واتا نزیکی ٢٨ ساڵ قەڕاڵ بووە ، جا بۆ ئەوەی

لای خواری وولاّتەوە ئاشور نەتوانن شالاّو بکەنە سەر وولاّت لە گەڵیان کەوتە شەڕ و لە شەڕەکانیدا سەرکەوت ،و باسی ئەم شەڕانەی لە سەر تەختە بەردەکانی دەوروبەری "وان" نوسی ، کە چۆن بەسەر "ئاشور دانی سێیەم"دا زاڵ بووە . دوازدە بەردەنوسی ، لەوانەی کە "ئارگیشتی" روستوری دابوو بە هەڵکەندنی لەم صەدەی بیستەمەدا لە خاکی ئەرمەنستانی شورەوی و لە باکوری ڕوباری ئەرەس دا دۆزراوەتەوە .ئەم بەردەنوسانە دەربارەی ئەو شارانە بو کە دروستی کردبوو ...

لەم سەردەمەدا ، وادیارە ن ئاشورییەکان دەسەلاّتیان بەسەر وولاّتی "ماننائی" و "پارسوا" دا هەبووە ، بەلاّم ئارگێشتی یەکەم شەش ساڵی تەواو لە شەڕابووە تا "مانتای" داگیر کردووە ، وە" پارسوا"ی لە ژێر دەستی ئاشور دەرهێناوە ، و دەوروبەری زریاچەی( رضائیة )ی خستۆتە ژێر دەستی خۆی و (٢١٥٠٠) بیست و یەك هەزارو پێنجصەد کەسی لە ئاشورییەکان بە دیل گرتووە . لەم بەردە نووسانەی ئارگێشتی یەکەم بۆمان دەرئەکەوێ کە " پارسوا " کان واتا عێڵەکانی پارس لە صەدەی هەشتەمی بەر لە میلاد هێشتا لە کوردو مادەکانی کوردستان ، جیا نەبووبوونەوە و لە مادەکان دانەبڕابوون ، و بەرەو پارس ــ یاخۆ ئەنزان ــ کۆچیان نەکردبو .

لە ساڵی ٧٥٠ بەر لە میلادەوە تا ٧٣٣ بەر لە میلاد ، "سەردوری کوڕی ئارگیشی" قەڕاڵی ئورارتوبو کە "شەردوری"شیان پێ وتووە لە سەرەتادا ڕۆژ بەڕۆژ لە سەرکەوتن دا بوو .. تا نزیکی "دهوك" ی ئێستەو دەشتی سوریەی خستە ژێر دەسەلاّتی خۆی . بەلاّم ساڵی ٧٤٥ پێش میلاد کە "تیگلات پلاسەری سێیەم" بوو بە قەڕاڵی ئاشور ، هێزی ئاشوری بوژاندەوە ، لەشکری بەهێزتر کرد ، و لە گەڵ



"سەردوری" قەڕاڵی خالدی کەوتە شەڕ .. سەردوری لە گەڵ فەرمانڕەوایانی "پارسوا" و "ماد" پەیمانی بەست بەلاّم "تیگلات پلاسەر" لە گەڵیان کەوتە شەڕ ، "پاروسا" ــ واتا پارسواو مادی داگیر کرد ، و لەشکرەکەی سەردوری بلاّوکردەوە ، و تالاّنێکی زۆری چنگ کەوت ، تیگلات پلاسەر دەربارەی سەرکەوتنی خۆی نووسیویە : (( سەردوری پادشای ئورارتوم لە پایتەختەکەیا ــ دشاری توروشیادا ــ زندانی کرد ، و لە دەروازەی شارەکەدا کوشتارێکی سەختم کردو پەیکەرەی خۆمم لە دەرگای شار دامەزراند )) . وەلە بەردەنووسێکی ترا وتویە :

(( گالیسکە ، و عەرەبانەکانی شەردوریم داگیر کرد ، گەردەن بەردە مرواری‌یەکەی و تەخت ڕەوانەکەی بو بەهی من ، و هەفتا و دوو هەزار و نۆصەت و پەنجا کەس لە سەربازەکانی کوژران)).

شەردوری لە داخی ئەم شکستە دیقی کردو مرد "ئەدییری" کوڕی کە بە "روسای یەکەم" بەناو بانگ بوو لە جێی دانیشت ، ئەم قەڕاڵە لە ٧٣٥ بەر لە میلادەوە تا ٧١٣ بەر لە میلاد لە سەر تەختی پادشاهی دانیشت .. لە چیاکان سەری بە سەردارانی عێڵەکان شۆر کرد ، نزیك بە ئالاشکرد شارێکی دروست کرد و زراچەیێکی هەڵقەند و پڕی کرد لە ئاو .. ئەم زریاچەیە ئەمڕۆ بە "کەشیش گوڵ " بەناوبانگە . لە سەردارانی دەوروبەری خۆی یەکێتی‌یەکی پێك هێنا ، و دەوڵتی ماننای کرد بە ڕۆشی خۆی ، و دەوروبەری ئیردان و تەفلیسی داگیر کرد ، و بیست و سێ سەرداری لە ئەرمەنستان و گورجستان سەر شۆر کرد . و لە گەڵ ئەمیرانی ولاّتی "ماد" بەوێژە لە گەڵ دیاکو(دیکوس) ئەمیری میرەکانی وولاّتی مادیشدا پەیمانی یەکێتی بەست . و بۆ پرستشی خوا "ئاردینی" کە یەکێتری لە خواکانی خالدی و مانناییی

بو ، ڕوی کردە "موساسیر" ـ کە دەبێ لە هەرێمی نێوانی "سیدەکان و گەردەنەی کەلە شین دابوبێ ـ .

سارگونی دووەم قەڕاڵی ئاشوری کە لەساڵی ٧٢١ ی میلادەوە تا ٧٠٥پیش قەڕاڵی ئاشور بوو ، هەڵی کوتایە سەر "ئورارتو" و "دیاکو" و "دیوکس"ی ئەمیر میرانی ماد کوڕەکەی خۆی ناردە فریای "روسا" لەم کاتەدا عێڵی کەیمەری کە یەکێ بووە لە عێڵە کۆچەرەکانی "سکایی" و هێزی هەبوو، هەرچەند ئاریش بوو ، لە گەڵ ئاشوری سامی هاوسویند بو ، ئەم عێڵە لای خۆر هەڵاتەوە ، لەدەربەندی قەفقازەوە کە عەرەب پێیان وتووە "باب الابواب" شالاویان کردە سەر ئورارتو . روسای پادشای خالدی لە هەردوو لاوە تەنگە تاو کرا . سارگون پادشای ئاشور پێش کەوت ، بەشێکی زۆری "ماننای"ی هاوسوێنی "ئورارتو"ی داگیر کرد ، و فەرمان ڕەوایی‌یە بچوکەکانی ناو چیاکانی داگیر کرد و هەڵی کوتایە سەر "ماد" و "دیاکو"ش لەشەڕا گیرا . و سارگون لە هەرجێ پەیکەرە و بەردەنوسی خالدی و ماننایی و موساسیری هەبو ، هەموی وێران کرد ، و هەموی تێك و پەکان دا .. سکاکانیش بەشی ئازەربایجانی ئێستەیان تا سەر سنوری ماد بە تورەکە بێژا . ئەرمەنی‌یەکانیش هەلیان دەسکەوت بەشێکی لای ژووری ئورارتویان داگیر کرد .. "روسا" لە داخی ئەم شکست خواردنە خۆی کوشت ــ هەرێمی شارەزور دژی ئاشور ڕاپەڕی .. پاش چەند ساڵ شەڕو شۆڕ دوبارە "ماد" لە سای "سایگزار" دا ــ کە لە تەئریخی ئێران دا پێی دەڵێن "هووە خشەتەرە" وە هەندێ پێی ئەڵێن "کەی ئەخسار" سەری هەڵدایەوە ، و کەوتە پەرەسەندن و ئورارتوش دەسەلاتێکی بێ هێزی خۆی پێك هێناو ئەم پادشایانە یەك لە دوای یەك چەند ساڵ بردیان بەڕێوە وەك: ئارگێشتی کوڕی روسا ــ روسای



کوڕی ئارگێش ــ سەردوری کوڕی روسا ـ روسای کوڕی ئەریمنا . ئەم قەڕالانە کەم هێز بوون .. وولاتەکەیان پارچە پارچە بوو .. بەلام "سیاگزار" واتا هووە خشەتەرە ــ مادی بووژاندەوە ، کەوتە شەڕ لەگەڵ ئاشور و لەگەڵ بابلی‌یەکان پەیمانی بەست ، لەولاوە ئاشوری لەناو برد و لەم لاشەوە ئازەربایجانی لە دەستی سکاکان ڕزگار کرد ، و ئورارتو و نایری و فەرمانداری‌یە و وردەکانی چیاکانی ئارارات و زاگرۆسی هەمو خستە ژێر دەسەلاتی خۆی . بەم جۆرە دەوڵتی خالدی یا ئورارتو دوایی هات .

بیستیارانی بەڕێز لێرەدا کاتمان تەواو بوو تا ووتاری ئایندە بەخواتان ئەسپێرین .

# کوردو ڕەگەزی ئاری

**ووتاری هەشتەم**

گوێگرە بەڕێزەکان ئەم کاتەو هەمو کاتێکتان پڕ شادی بێ ، هیوامان کامەرانیو بەختەوەریتانە . لە ووتاری پێشودا کە دەربارەی دەوڵەتی "ئورارتو" دووواین ووتمان بە ئورارتوییەکان ، لە سەردەمی پاومانی تەمەنی دەسەلاتی دەوڵەتەکەیانا ، بۆ بەرنگاری لە گەڵ دەوڵەتی "ئاشور" ، هاوکارییان لە گەڵ "ماد" کرد ، و بە هاوپەیمانیی مادەکان ، ئاشوریان شکست دا .. بەڵام "ئاشور" گەرچی زەبون بوو ، گیانی نەسپاردبو جارێکی تری بووژایەوە ، لە گەڵ "ماننائی" یەکان پەیمانی دۆستایەتی بەست ، و لە ناکاو هەڵی کوتایەوە سەر خاکی ماد ، ٢٨ کەسی سەردار لە عێڵ و تیرەکانی ماد بە دیل گرت ، جا بۆ ئەوەی بزانین "ماننائی" یەکان لە کوێ دائەنیشن ؟ و ئەم "ماد"انە کە تازە سەریان هەڵ ئەدا کێ بوون ؟ و لە کوێ دائەنیشتن .. تکایە گوێ بدەنە ئەم ووتارە .

"ماننائی" یەکان نەتەوەیێ کەم ژمارە بوون ، وولاتەکەیان بریتی بوو لە چوار هەرێم :(١) "سوریەکاش" ــ کە دەبێ دەوروبەری ئێستەی سەقز بوبێ ــ (٢) "مسی" Messi ــ واتا ئەو هەرێمانەی کە ئەمڕۆ سەر بە ئوستانی کوردستانن ، و دەکەونە لای سەروی زەڕینەرود ( کە مەغول ناویان ناوە جغەتو ) و لە چیاکانی چل چەشمەی کوردستان وەسەر خوار دەبێتەوە بەرەو دەشتی میان دوواو ، ولە وێو ، ئەکشێ



بەرەو زریاچەی "رضائیة " (٣)ئۆشیشیدیش Uishidish کە دەکا بەریخۆر هەلاتی کناری زریاچەی "رضائیة" ــ واتا کە ئەمڕۆ پێی ئەوتری مەراغە (٤) و ئارسیانشی Arsianshi کە ئەکەوتە لای ژوری هەمەدان ، واتا لە هەمرێمی قەزوین و داوێنی چیاکانی ئەڵبورز بەولاوە..

ئەم ماننائییانە ، "شەلما نەصری سێیەم" ی قەڕاڵی ئاشوری بۆ سەر "ماد" و ئورارتو ، ئەم "مانائی"یانە لە گەڵ ئاشورییەکان دۆست بوون ، هەر لە بەر ئەوە بوو کە پاش ئەوە ئوراراتووەکان بڕیاریان دا ولاتی "ماننای" داگیر بکەن ، چۆن ئەوان لە هەلی شەڕی ئورارتودا ولاتەکەیان پەرە پێ دابو .

بابێینە سەر "ماد"ەکان ، بۆ یەکەم جار لە ساڵنامەی ئاشورییەکانا لە سەردەمی قەڕاڵی ئاشوری" شەلما نەصری سێیەم دا " کە لە نیوەی صەدەی نۆیەمی بەر لە میلادا ژیاوە و ناوی ولاتی " ئامادای " هێناوە ، وتویە: سوپای ئاشوری چوار دژو قەلای سەختی لە ولاتی "مادای" داگیر کردووە ، ئەم چوار قەلایە بریتی بوون لە (١)" زاموئا" Zamua واتا بەشی لای ژوری ئوستای سلێمانیی ئێستە لە کوردستانی عێراق ، (٢)" پارسوئا " Parsua هەرێمی سەروی ڕوباری سیروان کە دەبێ دەوروبەری جوانڕۆ بوبێ (٣)" کیشەسو " Kishasu کە ئەکەوتە لای سەروی ڕوباری سفیدەرود ( کە مغول ناویان ناوە قزل اوزون ) و (٤)دژی " خارخار" کە لە دەوروبەری کرماشانی ئێستە بو ، پەیکەرەییێکی لە چیاکان هەڵکەند ..

لەم ساڵنامەیەی ئاشور یۆمان دەرئەکەوێ "ماد" ەکان بەر لە نۆصەد ساڵ پێش میلاد لە هەرێمی خۆیا ناجێ گیر ببوون . ساڵی ٨٢٨ بەر لە میلاد دیسانەوە شەلما نەصری سێیەم هەڵی کوتایەوە سەر ولاتی

ئورارتو ، وماد ئەم جارە خۆی پیرو زەبون بو ، فەرماندەیی سپای ئاشوری سپارد بە " دایان ئاشور" ئەم سەردارە بە کناری زێی گەورەدا بەرەو "دوان" پایتەختی ئورارتو کەوتە ڕێ ، و هەمو دیهات و شارەکانی تالاّن کرد .

ساڵی ٨٢٣ بەر لە میلاد " شامشی ئاداد"ی پێنجەم ، بوو بە جێگری شەلما نەصر ، لەم سەردەمەدا " ماد "ەکان ، کەبرێتی بوون لە عیلاّت و خێلاّت و تیرەی جیا جیا ، یەکێتیٖیەکی بەهێزیان درووست کرد بۆ ئەوەی بتوانن بەرامبەر بە دوژمن بەرگری لە خۆیان بکەن ، یەکەم سەرۆکی ئەم یەکێتیٖیە ناوی "هاناسیروکا " Hanasiruka بو ، لە دژی "ساگ بیتو " دائەنیشت ، کە دەبێ ئەم دژە ئەوجێیە بێ کە پاشان پێی دەوترا " سەگبات " و ئەکەوتە شیوی ئەبهەرەوە ناو چیا سەختەکانی " خەرقان" سپای ئاشور لەم شەڕەدا دژی " ساگ بیتو "ی داگیر کرد و ئەم دژەیان وێران کرد ، و (١٤٠ ) کەسیان بە دیل گرت ، و نزیکەی ٢٣٠٠ کەسیش لە مادەکان کوژرا ، هەرچەندە " هاناسیروکا " کشایەوە بەرەو چیاکانی ئەلبورز بەلاّم لەشکری ئاشور وەشوێنیان کەوتن .. بەلاّم ئەم شەڕە سەختە یەکێتی " ماد "ی تێك شکاند ، هەر کە لەشکری ئاشور لە ترسی بەفرو سەرما گەڕایەوە ، سەرۆکی هەرێمی " ئارازیاش " ـ کە نزیکی ئێستەی هەمەدان و یەکێ لە هەرێمە بەهێزەکانی ماد بو ـ لە چیاکانی نێوان قەزوین و هەمەدان ، ڕێی بە لەشکری ئاشورگرت ، بەلاّم دیسانەوە سپای زۆروزەبەندەی ئاشور بەسەر ئەوانا زاڵ بو ، لەم هێزەی "ماد"ەش دیسان هەندێ کوژرا و هەندێ بە دیل گیرا ، و سەرانی ماد ناچار بوون بەر لەوەی پادشای " ئاشور " دیلەکانیان لە کەلی چیای" کولار " ـ ڕەنگە کەلی خانی ئێستە بووبێ ـ



بەرەو خوار تێپەڕینێ ، هەندێ دییاری و بەرتیلیان بۆ برد ، و خۆیان بە مل کەچی دەسەلاّتی ئاشور دایە قەڵەم .

" شەمشی ئاداریی پێنجەم " دەستوری دا ناوی ئەم سەرۆکانە و ناوی دیلەکان لە تەختە بەردو قوڕەکان بنوسرێ . ئەم شەڕەی ئاشور ، نەك تەنیا زیانێکی زۆری لە "ماد" دا بەڵکو زیانێکی زۆری گەیاند بە " ماننائی " و ئۆرارتو "وەکانیش کە لە ناو خۆیانا بوبون بە هاوسوێن و هاو پەیمان .. ئەم قەڕاڵە دڕەی " ئاشور " تەمەنی کورت بو ، ساڵی ٨١٠ بەر لە میلاد ، کۆچی دوایی کرد ، " ئاداد نیراری " Adadnerari سێیەم ـ کە هێشتا منداڵ بو ـ بو بەجێ نشینی ، ژنەکەی کە ناوی قەڕاڵیچە " ساموراموت " Sammuramat و لە مێژووا پێی دەوترێ "سەمیرامیس" سەرپەرشتی کوڕەکەی ئیدارەی ولاّتی وەر گرتە دەست . ئەم قەڕاڵیچەیە لە سالاّنی ٨٠٩ تا ٨٠٦ بەر لە میلاد ، لەگەڵ " ماننا "یییەکان لەشەڕدا بوو ، و لە سالاّنی ٨٠٠ تا ٧٩٧ بەر لە میلاد لە گەڵ " ناری "یەکان ـ واتا ئورارتوکان شەڕی کرد ، و لە سالاّنی ٧٩٣ تا ٧٨٨ بەر لە میلاد ، هەوڵیان دا کە سەراسەری خاکی " ماد " داگیر بکەن و خۆیان لەو پێڕەسی " فیهرەست " ناوانەدا کە پێی ئەوترا ( ناوانی پیاوانی ساڵ ) دییاردیٖیان بۆ ئەم شەڕانە کردووە ، گوایا لە ساڵی ٨٠٢ بەر لە میلاد بەدواوە: ئاشوریٖیەکان توانیویانە هەرێمی " ئەلایی" ـ "خارخار" ـ "ئارازیاش " ـ " مسی " ـ " ماننا " ـ " پارسوئا " ـ " ئاللابریا " ـ "ابدادان " ـ و "آندیا" لە مانەکان داگیر بکەن . هەروا لە ٨٠٢ بەر لە میلاد بە دوواوە ، چەند جارێ تریش لەشکریان کردۆتە سەر " ماد " کە بۆمان دەرئەخات یەکێتی ماد هەمیشە بەرامبەر بە " ئاشور " لە شەڕدا بووە .. بیستیارە بەڕێزەکان ئەم یەکێتیی مادە سەرئەنجام ئەبێ

بە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد وەك لە ووتارەكانی ئایندەدا باسی ئەكەین ئیتر كاتمان تەواو بو ئەم كاتەو هەمو كاتێكتان خۆش .



# كوردو ڕەگەزی ئاری

**ووتاری نۆیەم**

بیستیارانی بەڕێز ئەم كاتەو هەموو كاتێكتان بە شادی و كامەرانی بەسەربەرن .. ئێمە كە باسی ڕەگ و ڕیشەی كوردو پەیوەندی ئەم نەتەوەیە لە گەڵ نەتەوەكانی تری ئێران زەمین دەكەین ، جگە لەوەی ئەزانین كە گەلانی ڕیزەچیای زاگرۆس لە هەزاران ساڵ بەر لە میلادەوە ، لەم سەر زەمینەدا بوون ، بە پێی مێژوو بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە هەندێ لە تیرەو عێلی ئاری نەژاد لە خۆرهەلاّتی زریەی خەزەرو چیاكانی قافقاسەوە بەرەو بەرزە بانەكانی ئێران كشاون ، هەر لەبەر ئەوەیە كە هەندێ لە مێژونووسان لایان وایە مادەكەان بەر لە میلاد بە نۆصەد ساڵ زیاتر یا كەمتر هاتونە ئەو خاكەی ئێران كە پاشان ناوی وولاّتی "ماد" ی بەسەرا دراوە وبە دوو" مادی ئاترویانتین" و "مادی ناوچەیی" ناوبانگی دەر كردووە .

ئاشوورییەكان لە هێزی سپای مادەكان زۆر چەكەرەیان دەكردو دەترسان و لە ناو هەموو دوژمنەكانی خۆیان دا ، تەنیا بەم نەتەوەی مادەیان دەگوت " بەهێز " و هەرچەندە مادەكان خێوی دەسەلاّتێكی بێگانە نەبوون ، بەلاّم دارای چەندین هەرێمی سەربەخۆ بوون كە پێیان ئەوت :" ناگو" و دوورنییە ووشەی "ناگو" هەر ووشەی " ناوچە"ی ئەمڕۆبوبێت .

ئەم ناگویانە (واتا ناوچەیانە هەر یەکەیان سەردارێکی یا پادشاییێکی سەربەست و سەر بەخۆی هەبوو ، کە ئاشوریەکان پێیان دەگوت بەل ئیلی BellEli ـــ واتا سەرۆکی هەرێم .. عێلْ تیرەکانی "ماد" گەر چی پەرت و بلاّو بوون ، بەلاّم لەشەش بەشەشی گەورە یەکێتیەکی بەهێزیان هەبو ، کە زۆر جار بەرامبەر بە دوژمنی یەك دڵ و یەك گیان ڕەفتاریان ئەکرد . ئەم شەش بەشەشەی ماد ئەمانە بوون :(١)"پارتاکاتو " کە لە دەوروبەری ئەصفەهانی ئێستە دەژیان و "ئاریزانت" ەکان ، کە لە پێ دەشتەکانی بەشی خۆرهەلاّتی "مێریا" دەژیان ، و "ستروخات" ەکان و "بودی" یەکان و "موغ" ەکان و "بوس" ەکان ، ئەمانەیان بێ جێو شوێن بوون وادییارە کۆچەر بوون .. ئەم عێلْ و تیرەیانە کە هەر یەکە سەرداری خۆیان هەبو ، بەلاّم ئاشوریەکان ، لە کاری ناوەوەیان دەخاڵەتیان دەکرد ، سەربەستیو ئازادیی ناو خۆیان لێیان دائەڕنی ، ئەو سەردارە بێ کارەیانەی کە عێڵەکان لێیان ناڕازی بوون و دەریان ئەکردن ، ئاشوریەکان دوبارە دایان ئەنانەوە بەسەردار ... مادەکان و نەتەوەکانی هاوسێیان وەك "کێمری" کە لە تەورات پێیان دەوترێ "جۆمری" ـــ وە "سکایی"یەکانی کە " ئەشکوزا"شیان پێ دەووترا ، و بە گومانی من "شکاکە" کان پاش ماوەی ئەوانن ، و "مانائی" یەکان هەموویان بوونە یەك ، وەدژی "ئاشور" ڕاپەڕین ، و شۆڕشێکی گەورەیان هەڵگیرساند ، و جەنگاوەرەکانیان لە چیاکانی زاگرۆس دا لە گەڵ "ئاشور" یەکان کەوتنە شەڕەوە . لەو حەلەدا "مامی تیار شو" Mami Tiar Sho فەرمان ڕەوای هەرێمی مادو " کاشناریتو " " خشەتەریتە "یەکێکی تری لە سەرۆکانی هەرێمێکی ماد نشین کە ناوی کار کاشی بوو ، لە گەڵ " دوسانني "Dosanni فەرمان ڕەوای



ئوستانی "سپاردا" وە "ئیشپاکا" پادشای سکاییەکان ، ئەمانە هەموویان لە ژێر ئالاّی "کاشتاریتو" ی مادیدا ، ڕابەریی ئەم شۆڕشەیان دەکرد .. ئەم شۆڕشە لە سالاّنی ٦٧٣ ساڵ بەر لە میلادەوە تا ٦٧١ بەر لە میلاد ، واتا سێ ساڵ دەوامی کرد . بەلاّم ئاسرا حدونی پادشای ئاشور ویستی ئەم یەکێتییە لە یەك دابڕێنێ ، وە کۆمەڵەکەیان تێك بدات . لە یەکەم پلەدا قایل بوو بەوەی کە "پروتوتیس" Prototyes مافی ئەوەی هەیە ببێ بە زاوای قەڕاڵ و کچەکەی بخوازێ کە لەوەبەر ، ئەم مافە ڕەوا نەئەبینرا ، سەرۆکی یاغییان ببێ بە زاوای پادشاه ..بەلاّم شۆڕش سەرکەوت " کاشتاریتو " (خەشەتریتە) خۆی کرد بە پادشای "ماد" و تاجی پادشایی لەسەر نا .. هیردوتی مێژونووسی گەورە ـ کە پێی دەووترێ باوکی مێژو ـ ناوی خەشەتریتەی ناوە " قرا ئورتس" Phraorts ... ئەم باسەی کە ڕون کرایەوە ، قسەی "م.م دیاکوشوف" بە ، کە لە کتێبی تەئریخی ئێران ستان دا هێناویە ، وادییارە لە کەتەزیاسی وەرگرتێ . بەلاّم "هیرودۆت" "دیوسیس" (یوکس)ی کوڕی "مرائورتس" بە دامەزرێنەری دەوڵەتی "ماد" دائەنێ و ئەڵێ : دیوکس لە دێیەکی خۆی دا ناو بانگێکی باشی هەبو ، حەزی لەوەبو هەموو کارێ پیاوانەو ڕاست و درووست ئەنجام بدرێ ، لە بەر ئەوە خەڵقەکە زۆریان خۆش دەویست و سەریان بۆ شۆڕ ئەکرد ، لەبەر ئەوە تێکڕا هەڵیان بژارد بۆ سەرۆکیی خۆیان و ناویان نا کوێخا ـ یا قازی ـ خەڵقی دێیەکانی دەوروبەریش ـ کە تەگەرەییێکیان ئەهاتە ڕێ ئەهاتن پرسیاریان بە ئەو دەکرد ، وەئەگەر کێشەییێکیان هەبوایە لای ئەو ئەیان بڕییەوە ، کاروباری ئەوەندە زۆر بو ، ئیتر نەیئەتوانی بەکاری تایبەتی خۆیدا بگات . داوای کرد لە خەڵقەکە جێگەیێ دوروست بکەن ، ناوی بنێن

جىَى كويَخا ــ يا دادگاه ــ و چەند كەسيَكيش هەلَبژيَرن بوَ ئەوەى ياريدەى كويَخا بدەن لە كارو باريا ، و بوَ پاراستنى ئەم دادگايە ــ يا سەرايە ــ چەند كەسىَ دابنيَن بە پاسەوان ، خەلَقەكە ئەم بيرو باوەرِەى ديوسيس يان پەسەند كرد ، سەرايىَكى گەورەيان دوروست كرد ، و هيَزيَكى بچوكيان پيَك هيَنا و كەوتنە دوروست كردنى شارىَ ، ئەم شارە ناونرا "هەنگ مەتانا" واتا جىَى كوَبوونەوەى مادەكان ــ ئەم جىَيە بە ئاشورى پىَى دەوترا " آمدانا " و بە يوَنانى " آكباتانا"..
هەر ئەم سەرا بچوكە بو ، كە پاشان پەرەى پىَ درا و بە دەوريا شورەو قەلاَى زوَر دوروست كرا ، و لە جيهانى ئەو رِوَژەدا دەنگى دايەوە . ئەم "ديوكس"ە بە پىَى قسەى ميَژونووسان لەماداى (٥٣) سالَى فەرمان رِەوايىيا نەتەوەى "ماد" ى كردە ميللەتيَكى يەك پارچەى بەهيَز و پەيمانى دوَستايەتى بەست لە گەلَ نەتەوەكانى هاوسىَى ، بە ويَژە لە گەلَ " ماننا"يىيەكان و ئورارتووەكان ، ويەكيَتىى مادو ماننای پيَك هيَنا كە ئاشورى هيَنابووە لەرزين . جا دامەزرانى دەولَتى ماد لە سالَى ٧٠١ بەر لە ميلادا بووە ، بە پىَى هەندىَ ميَژو ويا لە ٧٠٨ بەر لە ميلادا بووە كە تا ئيَستە دەكاتە دوو هەزارو شەشصەد و حەفتا و نوَ ــت وەيا هەشتاو شەش سالَ ئەم ديوكسە تا سالَى ٦٥٥ بەر لە ميلاد فەرمان رِەوايى كرد ، واتا نزيكەى ٥٣ سالَ .. بەلاَم لەم ماوەيەدا چى كارگەليَكى ئەنجام داوە و چى خزمەتگەليَكى كردووە ، ئەم باسانە ئەهيَلينەوە بوَ ووتارى ئايندە ئيَستە كاتمان تەواو بەخواتان ئەسپيَرين.



# كوردو رِەگەزى ئارى

**ووتارى دەيەم**

گوىَگرە بەرِيَزەكان ئەم كاتە و هەموو كاتيَكتان باش ، كامەرانى و بەختياريتان هيوامانە .

لە ووتارى پيَشودا ، باسى ئەوەمان كرد ، كە "ديوكس" ــ يا دياكوَ ــ توانى بە هيَزى شەش بەشە گەورەكەى ماد ، و بە پشتيوانى مانائى و ئورارتووەكان كە هەمويان لە دەسەلاَتى ئاشور هاتبونە تەنگ و بوَ پاراستنى سەربەخوَيى خوَيان لەشەرِدا بوون ، بناغەى دەولَەتى دابەمزريَنىَ ، وهەنگ باتان يا ئەكباتان ( واتا هەمەدانى ئەمرِوَ ) بكاتە پايتەختى خوَى و دوستوربدات كاخيَكى بوَ دوروست بكرىَ ، هەروا دوستورى دا كە تەنيا دەست و پيَوەندانى نزيكى هات و چوَى ئەو تەلارە بكەن ، خەلَقى ولاَت ، و نويَنەرانى دەرەوە ، تەنيا بە هوَى پەيك و كار گوزارانى كار بەدەستەوە سكالاَو خواستەكانى خوَيان بدەنە دەربار .. بەلاَم ئەوەى سەير بىَ هەندىَ لە ميَژونووسان دەلَيَن دايوكو "ديوكس" سالَى ٧١٥ بەر لە ميلاد فەرمان رِەواى بەشىَ لە "ماننا" بووە ، و خەريك بووە دژى "ئولوسونو"ى پادشاى "ماننا" شوَرِش هەلَ بگيرسيَنىَ ، چوَن "ئولسونو" ويستويە سەر بوَ "سارگونى دووەم"ى پادشاى ئاشور شوَرِ بكات .. بلاَم ديوكس لەم شوَرشەدا سەر نەكەوت و بە ديل گيرا ، و رِەوانەى ولاَتى شام ( واتا سوريەى ئيَستە) كرا ، و لەوىَ بە ئاوارەيى مايەوە .. جا ئەگەر ئەو " دياكو

"یـەی کـە دەسـەڵاتی بەسـەر بەشـێکی ماننائی‌دا هـەبوو ، هـەر ئـەم "دیاکو"یـەی مادی‌بێ ، دەبێ لەوبەر بەشێکی ماد لـە ژێر دەسەڵاتی "ماننـائی" دا بووبـێ ، و "دیـاکو" هەوڵی‌دا بـێ کـە نەتەوەکـەی ڕزگـار بکات ، بەڵام چۆن "ئولوسونو"ی پادشای ماننائە دەست نیشاندەی ئاشـور بـووە ، سـپای ئاشـور بـەرگری لـە "ئوسـولونو" کـردووە ، و ئاوارەی شامی کردووە .. ولـەوە بە دووا لـە دیشلی رزگاربووە ، ئنجا هاتۆتـەوە ماد و خـەڵقی کۆبونـەوە کـە جڵـەوی فـەرمان ڕەوایـی بدەنـەوە دەست .. ئەم دەنگ و باسە گەرچی "هـبردوت " لـە مێژووکـەیا تۆماری نـەکردووە ، بـەڵام لـەوە ئەچـێ کـە ڕوی دابـێ ، چۆن "ئاشوری"یـەکان تەنیا لە "ماد"ەکان ئەترسان ، کە هەمیشە خەریکی شۆڕش بوون و لە چیاکانا ڕێیان بە سپاکانیان دەگرت .. تا ڕادەیـێ کە "ئاشور"ی بە "ماد"ەکانیان دەوت "بەربەر"ەکانی چیایی ، واتا ڕێگرو جەردە خوێن ڕێژەکان ..

هـەر وەك ووتمـان : دیـوکس( واتـا دیـاکو) نزیکـەی ((٥٣)) سـاڵ پادشـای مـاد بـو ، لـەم دەورەدا گەرچـی بـاج و خـەراجی ئـەی ئەدایـە "ئاشور" بۆ ئەوەی شاڵاو نەکەنە سەر ووڵاتەکەی ، بەڵام پەرەی ئەدا بە ووڵاتەکەی ، قەڵاو بورج و باروی لـە هـەموو جـێ دائەمەزراند ، کشت و کاڵ و ئاژەڵداری پەرە پێدا ، خەڵقی هان ئەدا کە شارو دیهات دروست بکەن و نیشتەجێ بن ، ز ژیـانی کۆچـەرێتی و ڕەش ماڵ نشێتی واز لێ بهێنن .. ساڵی ٦٥٥ بـەر لـە میلاد "دیاکو " مـرد ، و "فـەرائورتس"ی کـوڕی لـە جـێی دانیـشت ، و پـەرەی دا بـە سـنوری "مـاد" ، و هـەمو نەتـەوەکانی سـەرزەمینی ئێرانـی خـستە ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی ، پارسەکانی وڵاتی ئەنزان ، ماننائی‌یەکان بەشی ئازەربایجان و لـە گـەڵ کیمـری و سـکاییەکانیش کەوتـە شـەڕەوە ..لـە "تـەورات"دا



"کیمـری"یـەکان نـاونراون "جـومری" ، و لـە مێـژووەکانی یۆنانیـشا "سـکایی"یـەکان نـاونراون "ئەشـکوزا" ، وبەمـە ناوبانگیـان هـەبو کـە کڵاوێکی قووچی نووك تیژیان لە سەر ئەنا و یەگجار نەبەردو ئازا بوون . ئەگەر ئەمڕۆکە بە دوای پاشماوەی ئەم دوو عێڵە گەورەیەدا بگەڕێین کە سوڕانی چەرخ و گەردشـی ڕۆژگار تووشـی فەلاکـەتی هێنـان ، دەبێ عێڵی "جموری" دەوروبـەری قەصری شیرین و خانـەقین بـە پاشماوەی "جـومری"( کیمـری ) و هـەروا عێڵـی شـکاك بـە پاشمـاوەی نەتـەوەی "ئەشـکوزا " ( سـکای ) بدەینـە قـەڵم . ئـەم سـکایی‌یانە لـە قـەفقازەوە کشابوون بەرەو خوار ، و توانیویانـە ئازەربایجان داگیر بکـەن ، خۆیـان لـە ڕەگـەزەی ئـاری بـوون ، و ئـازاو شـەڕکەر بـو بـوون ، جـۆرە کڵاوێکـی درێـژی قوتی نـووك تیـژیان لـە سـەر ئـەکرد ، کـە تـا صـەدەی بیـستەمی مـیلادی نمونـەی لـە نـاو شـکاك و برادۆسـتەکانا هـەر مـابو . ئـەم سکایی‌یانە نزیکەی ٢٨ ساڵ شەڕو هـەرایان درێـژە پـێ دا ، و بـە نـاوی دۆستایەتی لە گەڵ ئاشوری‌یەکان ، پەی دەر پەی پەلاماری قەڵەمڕەوی مادیان ئەدا .. "هووە خشەتەرە" کە هیردوت پێی ئەڵێ "کەیاکزار" یا کـەی ئەکـسار ــ کـە تەماشـای کـرد هـەر کـە لەگـەڵ ئاشـورا ئەکەوێتـە شـەڕەوە ئـەم سـکایی‌یانە لـە پـشتەوە خـەنجـەری لێ ئـەدەن ، کەوتـە بیرو ئەندێشەی ئـەوەی لـە سـەرەتادا خـۆی لـە شـەڕی سکاکانی هاوڕەگـەزی ڕزگـار بکـات ، ئنجـا وەرگەڕێتـەوە بـۆ گیـانی ئاشـوری‌یەکان .. لـەم سـەردەمەدا کـە "هـووە خـشەتەرە" "کـەی ئەکسار" چنگی کردبوو بـە چنگی ئاشوری‌یەکانا ئەوانیش لە ناو خۆیان بشیونەیان هەبو ، هـەرای ناوخۆ لەسـەر دەسـەڵات هەڵگیرسابو لـە ٦٥٢ بـەر لـە میلادەوە تـا ٦٣٣ بەر لە میلاد هەر ئاژاوە پەرەی ئەسەند و بە مردنی "ئاشور پانی پال " لەم ساڵەدا ، ڕقەبەری پەرەی سەندو دەسەڵاتیان بەسەر "بابیل"یش دا

کەوتە لاواز بوون و حکومەتی بابیلیی سەر بە ئاشوریش لە ناو خۆیانا تێکچون . لەم هەلەدا "هەووەخشەتەرە " و نەتەوەی ماد بڕیاریان دا بە جۆرە حیلەیێك سکاییەکان لە کۆڵ بکەنەوە ، سەرانیان قەلاّ چۆ بکەن . سەران و سەرداران و لاوەرەکانی سکاییان بەجارێ دەعوەت کردە سەر بەزمێکی جەژن و شایی ، و سەر هەمویانیان لە خواردنەوەو شەڕاب مڕ کردن ، و دەسەلاّتی سکاییان لە نێوبرد . ساڵی ٦٢٧ بەر لە میلاد حکومەتێکی ئازادو سەربەست و دۆستی مادیش لە بابیل کاروباری وولاّتی گرتە دەست ، بەم جۆرە ڕێ هەموار بو کە "ماد" تۆڵەی خۆی لە "ئاشور" بسێنێتەوە جا ماد لەگەڵ ئاشور کەوتە شەڕەوە ، شەڕەکەیان نزیکەی ١٥ ساڵ تەواوی خایاند و بەسەر ئاشوردا زاڵ بوون هەمو ولاٍتی ئاشوریان داگیر کرد ، و ساڵی ٦١٢ بەر لە میلاد پایتەختی ئاشورییان وێران کرد ، کە ئەو حەلە شاری "نەینەوا" بو .. بەم جۆرە بەرامبەر بە "میدیا" لە خاکی ئێران زەمین و بەینی دوو ڕوباری دەجلەو و فورات دا هیچ جۆرە بەهێز نەما ، و دەوڵەتە بچووکەکانی هەرێمەکانیش ، وە فەرمانداریەکانی عیلام ، و پارساید ، و هیرکانی ، و پارت ، پاشماوەی ماننائی و ئورارتو .. هەمو کەوتنە ژێر دەسەلاّتی ماد ..

گوێگرە بەڕێزەکان لێرەدا کاتمان تەواو تا ووتاری ئایندە بەخواتان ئەسپێرین .



# کوردو ڕەگەزی ئاری

**ووتاری یازدەیەم**

گوێگرە بەڕێزەکان ئەم کاتەو هەمو کاتێکتان بە خۆشی ڕابوێرن و بەختیار و کامەران بن . لە ووتاری ڕابردووا ووتمان . کە وولاّتی "ماد" لە سەردەمی "فەراوەرتیش"دا کە "خەشتەریتە" شیان پێ دەگوت ، توانیبوی چەند جارێ لە گەڵ ئاشور بکەوێتە شەڕەوە ، بەلاّم ئەوەی بە بیرا نەدەهات کە "سکایی"یەکانی لای باکوری ئێران ، لەگەڵ ئاشورییەکان هاوسوێنن و پشتی لێ دەگرن ، سەر ئەنجام ئەوەبوو ساڵی ٦٥٣ بەر لە میلاد کە لەگەڵ ئاشورییەکان کەوتنە شەڕەوە ، "سکا "کان وەك خەنجەری خیانەت لە پشتەوە هەڵمەتیان دان ، و "فەرائورتس" لەم شەڕەدا کوژرا . وادییارە چەند کوڕێکی لە "کیاکسار" گەورە تریشی هەبووبێ و لە گەڵی کوژرابێ ، پاش کوژرانی "فەراوەرتیش" "کەیاکسار" ــ یا سیاکزارــ کە لە مێژووی ئێران دا پێی دەوترێ "هۆوەخشەتەرە" لە جێی باوکی بووە بە پادشای ماد ، بەلاّم لە تەمەنا منداڵ بو ، " سکایی"یەکان کە لە گەڵ ئاشورییەکان زاواو خەزور بوون ، دەستیان گرتبو بە سەر ولاّتەکەدا ئەم داگیرکەرانە ، ڕێی پێشڕەوتی "ماد" و "ماننا"یان بەستبو " هووەخشەتەرە"یەکێ بو لە بلیمەتەکانی ڕۆژگار ، کەوتە کنە ، کەوتە سپا ڕێك خستن ، کەوتە مەشق پێدانی هێزەکان ، چەندین هێزی ڕێك خست ، هێزی کەمان دار ، هێزی ڕم دار ، هێزی شمشێر وەشێن .

ئەمانە بە جۆرێ بارهێنا کە بتوانن هەم بە پیادەیی چەکەکانیان بەکار بهێنن ، هەم بەسواری .. کتێبی پیرۆزی تەورات پێشبینی پیرۆزی مادی کردبو ، کە سەر ئەکەوێ بەسەر ئاشورا لە نامیلکەی ناخوم دا لە بابی سێیەمیندا ، لە سەرەتا ووتبوی : (( دەنگی قەمچیو تازیانە .... گرمە گرمی گالیسکە .... و خرخری چەرخ ....و هەرای ئەسپ سواران .... بریقەی شمشێرو ڕم ....برینداران زۆرو لاشەی کوژراوان .... لاشەی بەسەر لاشەدا کەوتو .... ئەی پادشای ئاشور پاسەوانەکانت لە خەوان .... سەران و سەرداران مەستن .... میللەتت بە شیوو دۆڵ و چیاکانا بڵاوبونەوە .... بێ ڕەهێرو بێ توما .... تۆ وەهاتێ شکاوی جارێکی تری پییرۆز نابێیەوە .... برینەکەت کوشندەیەو چارەی نییە ....هەر کەس گوێی لە نوزەو ناڵەت بێ بەردت پیا ئەماڵێ .... لەقەت لێ ئەدا .... ئەمەیە سزای خراپییەکانت .... ئەمەیە ئەنجامی بەدکاریت ! )) . بەڵێ بیست ساڵی ڕەبەق ، "ماد" لە ژێر پێی عێڵی سکایی ، و هێزی ئاشوری دا پێ شێل بو . بەڵام کەوتەوە خۆی لە گەڵ "ماننائی" یەکان ، و لەگەڵ بابلییەکان ، و لەگەڵ بەقایی عیلام و کاسییەکان .. و لەگەڵ تیرەکانی " پارسو "ئادا کەوتە پەیمان بەستن ، وە "سکایی"یەکانی لە وڵاتی "ماد" دەرکرد و لەگەڵ ئاشور کەوتەوە شەڕ . لە ٦٣٣ بەر لە میلادەوە دەستی پێ کرد ، واتا ٢٠ ساڵی تەواو دوای کوژرانی باوکی .. " نابوپالاسەر" ی پادشای "بابل" هەرچەندە سەربەخۆ نەبو ، و بەناوی سەرداریێتیی "بابل"ەوە دەست نێژی ئاشور بو بەڵام ئەیویست وڵاتی بابل لە تەوقی ژێر دەستی ڕزگار بکات . هێزەکانی "ماد" پێش کەوتبون "نەینەوای" پایتەختی ئاشوریان گەمارۆدابو بەڵام دیسانەوە "سکا"کان پشتیان لە "ماد"ەکان گرت : ئەمجارە "هووخشەتەرە " کەوتە فێڵ و تەڵەکە بازی ، و لەگەڵ



"مادیس"ی کوڕی "پاراتووا"ی سەرداری سکاکان پەیام و هەواڵی گۆڕییەوە ، ناوی ئاشتی خستە ناو ، و دەعوەتێکی بۆ سازدا و لەو کۆڕدا هەمو سەرانی "سکا"ی مەست کرد .. ئنجا دەستوری دا بە جەللادەکان هەمویان قەڵاچو کردن .. و هەر کە لەم سکایانە رزگار بو ، "ئلشورپانی پال " پادشای بەهێزو بەدەسەڵاتی ئاشوریش لەم سەردەمەدا ( ساڵی ٦٢٦ بەر لە میلاد ) کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی لە جێی دانیشت کە ناوی " ئاشور ئەتیل ئیلانی" Ashr Etil Elani بو ، دەوڵەتی "ماد" پاش لەناوبردنی "سکا"کان دوبارە شاڵاوی کردەوە سەر "ئاشور" و لەگەڵ پادشایە تا ساڵی ٦٢١ بەر لە میلاد لە شەڕا بو .. ئنجا براکەی لە سەر تەختی قەڕاڵیتیی ئاشور دانیشت کە ناوی "سین شار ئیشکون" Sinshar ishkoun بو .، و لە ساڵی ٦٢٥ بەر لە میلادەوە تا ساڵی ٦١٢ بەر لە میلاد قەڕاڵ بو .. ئالەم ساڵەدا ، ماد لە سەرەوە ، و بابل لای خوارەوە شاڵاویان کردە سەر ئاشور و ئەم دەوڵەتە مەزنەی کە ١٢٠٠ ساڵ هەمو وڵاتی ئاسیای خۆرئاوای خستبووە ترس و لەرزەوە ، و نەتەوەو میللەتەکانی چەوساندبووەوە ، و قەڵاچوی خستبووە ناوحەڵق و هەزارەها کەسی زیندو زیندو پێست کەندبو .. ئەم دەوڵەتە ڕوخا پایتەختەکەی وێران بو ، و لەگەڵ خاکا تەخت بو .. ئەم کارەساتەی کە بەسەر ئاشور هات ، هەموی تۆڵەی خراپکاری و بەد ڕفتاری خۆی بو .. وڵاتەکانی ژێر دەستی ئاشور بە کەلەپور مایەوە بۆ مادو بابل و بەم جۆرە دابەش کرا : ئەرمەنستان و ئاسیای بچوك ، و خاکی ئێران ، مایەوە بۆ ماد ، و سەر زەوی ئاشوریش کەوتە ژێر چنگی بابیل ... گەزەنفونی مێژو نووسی یۆنانی کە پاش دووصەدو دوو ساڵ بەسەر زەوی ئاشوردا تێ ئەپەڕی ، و چاوی بە شوێنەواری دو پایتەختەی گەورەی "ئاشور" و " کالای" و

"نەینەوا" کەوت ، هەرگیز باوەڕی نەدەکرد ئەم دوو جێیە ، ڕۆژێ لە ڕۆژان پایتەختی وڵاتی بوبن .. ئاشور ئوبالیتیی دووەم" بە هێزێکی ئاشوری‌یەوە هەڵاتبو و لە "فورات" پەڕی‌بووە ئەوبەر ، و ساڵی ٦٩ بەر لە میلاد ، ویستی خۆی ناو بنێ قەڕاڵی ئاشوری ، و شاری " حەڕان" بکات بە پایتەخت ، و فیرعەونی میصریش نەخائو کە لە ٦٠٩ بەر لە میلادەوە ، تا ٥٩٤ بەر لە میلاد پادشای میصر بو ، هاتە دەنگی‌یەوە ویستی یارمەتی بدات و کومەکی بکات ، بەڵام کار لە کار ترازابو هێزی مادو بابیل ڕێی بەوەدا خۆی بگەڕێتەوەو ، ببوژێتەوە دوای ئەو سەرکەوت و پیرۆزی‌یە نێوانی مادو بابیل ئەوەندە خۆش بو کە "هووەخشەتەرە " "ئامی تیسی" کچی خۆی دابە " نبوخەد نەصر " ( واتا بەخت النصر ) ی کوڕی " نابو پلاسەر "ی پادشای بابل .. و ناوی " هووخشەتەرە " لە بەردەنووسەکانی بابل دا هەڵکەندرا ، و تۆمار کرا ، و بەپادشای " ئومان ماندا" درایە قەڵەم . وادییارە ئەم ناوە داتاشراوبێ لە ناوی " ئورارتو " ، و "ماننا" و " ماد " ... هەر لەم دەورەدا بو کە " ئالیات "ی پادشای " لیدیا " ش " ئایانیا "ی کچی خۆی دابە ئاستیاژ ( ئیختوویگو – ئەژدەهاك )ی کوڕی هووەخشەتەرە . بەم جۆرە سنوری ماد لای باکورەوە گەیشتە ڕوباری " ئەرەس" ــ کە ئێستە لە تورکیا پێی ئەوترێ " قیزیل ایرماق" و لە نێوانی قەیصەری و سیواسەوە ئەکشێ بەرەو " دەریای ڕەش " .. بەڵام لای خۆرهەڵاتەوە ، ماد سنورێکی دییاری کراوی ، بوە وادییارە "کەویر" و بیانە چۆڵەکان تەگەرەو قۆرت بوون لە ڕێی پەرە پێدانا .. لای خوارو باشورەوە ، پاشماوەکانی وولاتی کاسی ، عیلام ، لەژێر دەستی ماددا بوون و سەردارانی هەرێمی ئەنران ( فارس )یش سەر بە



ماد بوون . گوێگرە بەڕێزەکان لێرەدا کاتمان تەواو تا ووتاری ئایندە بە خواتان ئەسپێرین و ئەم کاتە و هەمو کاتێکتان خۆش بێ .

# کوردو ڕەگەزی ئاری

**ووتاری دوازدەیەم**

**گوێگرە بەڕێزەکان ئەم کاتەو هەموو کاتێکتان باش ، هیوای ئێمە ڕەزامەندی ئێوەیە ، و ئومێد وایە کە ئەم ریزە ووتارە سودێکی بۆ گوێگرانی خۆشەویست ببێ ، و ئەگەر لەبیرمان بێ لە ووتارەکانی پێشودا باسی ئەوەمان کرد کە چۆن "هوەخشەتەرە " یا " کەی ئاکسار " توانی وولاتی ماد پەرە پێ بدا و هەرێمی مادی بچوك لە " سکا"کان ـــ یا ئەشکورا ـــ کان پاك بکاتەوە ، ئنجا لەگەلْ دەولْەتی بابل داپەیمانی دۆستی ببەستێو بۆ لەناو بردنی " ئاشور" هاوکاری بکەن ، و ئەوە بو لەگەلْ دەولْەتی ئاشور کەوتنە شەڕەوە ، و سالْی ٦١٢ بەر لە میلادی بەسەر ئاشوردا زالْ بوون و خاکی نەینەوایان بە تورکە بێژا کە پایتەختی ئاشور بو و سەرزەوی‌یەکان ژێر دەستی ئاشوریان لە نێوان خۆیان دابەش کرد ، بەشی نێوانی دوو ڕوباری دیجلەو فوڕات و لای خۆرئاوای فورات تا شام و لوبنان و زریەی سپی کەوتە ژێردەسەلاتی "بابل" و بەشی چیاکانی زاگرۆس و ئارارات هەر لە زریەی فارسەوە تا ڕوباری " هالیس" ـــ واتا " قیزیل ئیرماق " ی ئاسیای صەغیر کە سەر سنوری وولاتی " لیدیا " بو ، هەمووی کەوتە ژێر دەسەلاتی دەولْەتی" ماد " و بەم جۆرە دەولْەتی "ماد" بو بە گەرەترین ئیمپراتۆریەتی خۆرهەلاتی ناوەند ( یا خۆرئاوای ئاسیا ) .**



**هووەخشەتەر ، ئەو گەورە پیاوەی کە مادی گەیاندە پۆپنەی بەرزی و شکۆ ، دو ئیمپراتۆریەتی گەورەی هاوسێی ، کردبو بە دۆستی خۆی یەکەم " ئاۆیانیا"ی کچی "ئالیات"ی پادشای "لیدیا"ی خواستبو بۆ "ئیشتویگو"ی" استیاگ "ی کوڕی ، و لەولاشەوە "ئامیتیی"ی کچی خۆی دابو بە " بەخت نەصر " (یا نبوکەد نەصر )ی پادشای بابل ، کە باغی هەلْواسراوی بابلی بۆ ئەو کچە دروست کرد و پاشان بەناوی قەڕالْیچە سەمیرامیسەوە ناوبانگی دەرکرد ..**

**سالْی ٥٨٤ بەر لە میلاد بو ، کە هووەخشەتەر ، کۆچی دوایی کردو ئیشتوویگو ( استیاگ )ی کوڕی ، لە جێی دانیشت ، لەم حەلەدا "ماد" لەوپەڕی دەسەلات و پێشکەوت دابو ئاستییاگ ئەیەویست لە سەر شوێن پێی باوکی بڕوات و پەرە بە ولات بدات ، بەلاْم چەند تەگەرەی زۆر سەختی لە ڕێدا بو ك یەکەم لەگەلْ دەولْەتی" بابل " هاوپەیمان بوون ، کەلەپورو میراتی ئاشوریان پێکەوە بەش کردبوو ، بەشی سوریەو فەلەستین و نێوانی دوو ڕوباری عێراق ( واتا میزوبوتامیا ) بەر بابل کەوتبو . لای خۆرئاوای باکوریشەوە دەولْەتی "لیدیا" دۆستی بو ، بنەمالْەی ئیمپراتۆری لیدیا خەزوری بوون ، "ئاریانا" ی خانمی کچی "ئالیات"ی پادشای لیدیا بو ، لای باشورو خواروی وولاتیشەوە ، سەرزەویی عیلاْم و کاسی لە ژێر دەستی "ماد" دابو ، هەرێمی فارسیش بەناوی سەرزەوی "ئەنشان" ( یا ئەنزان ) فەرمانداری‌یەکی هەخابەنشی تیا دامەزرابو ، کە لە ژێر دەستی "ماد"دابو !! کە بوجیەی دووەم فەرمانڕەوای فارس ( ئەنزان ) یش زاوای "ئیشتوویگو"بوە "ماندانا"ی کچی ئەوی خواستبو . ئەم " کەبوجی "یە لە کتێبە کۆنەکانا ناوی "قەمبیز" بو کورش کوڕی کەبوجی‌یە کە "ماندانا" لە پایتەختی ماد "اکباتانا" لە مالْی**

"ئاستیاگ"ی باپیری گەورە بووبو لە تەمەنی شەش ساڵ بە بو دوواوە فێری خوێندن و سواریی ئەسپ و تیر ئاویتن و ڕمبازی ، و هەمو جۆرە مەشقێکی سپای کرابو ، و بە قسەی هەندێ لە مێژوونوسان " ئیشتوویگو" ئەوی دانابو بەسەر ڕۆکی سپا ( سپاه سالار ) وادییارە لەم سەردەمەدا ، کە شەڕو هەراو جیهان گوشایی بەسەر چوبو ، ڕقەبەری لە نێوانی سەردارانە سپاەدا دەستی پێ کردبوە تەنانەت لەبەر ئەوەی کە "ئیشتوویگو" وەجاخ کوێر بووە ( واتا کوڕێکی ، نەبو جێی بگرێتەوە ) هەندێ لە سەرداران دەیانزانی کە "کوروش" ی کچەزای جێی دەگرێتەوە ، خۆیان دابووە پاڵ ئەو ، لەم ناوەدا موغەکانیش ، واتا ڕابەرانی ئاینیی ئەو سەردەمەش ، کە لەو دەوڵەتەدا ڕاوێژیان لەگەڵ دەکرا ، و بۆ هەموکارێ پرسیان پێ دەکرا ، خۆیان بە دەسەلاتێکی گەورە دەزانی . خۆ ئەو دزو درۆزنانەی کە پێیان دەوترا بازرگانانی شەڕ ، لە سایەی شەڕو شوڕی سەردەمی هووەخشتەرەوە ، هەم دەوڵەمەندبوون ، و هەم لە سایەی دەوڵەتی ماددا لەگەڵ ڕابواردن و کەیف و بەزم خەریك بوون . ئەم شتانە گەورەترین هۆبوون بۆ ئەوەی پایەی دەوڵەتەکە سیست ببێ .. جا لێرەدا مێژونووسان ، قسەکانیان جیاوازی تێ دەکەوێ بیرو باوەڕیان یەك ناگرێتەوە ، هەندێ دەڵێن "ئیشتوویگو " " ئەژدەهاك" ( واتا ئیشتوویگو = ئاستیاگ ) لەگەڵ ئەرمەنستان تێکچو بو ، گوایە هۆی تێکچونەکەش ئەوە بو کە " ئاستیاگ" لە خەوا بۆی دەرکەوتووە کە "تیگران" ( دیکران)ی پادشای ئەرمەنستان ، لەگەڵ کوروش دا پەیمانیان بەستووە ئەو لەناو ببەن ، کە لە خەو ڕاپەڕی ڕاوێژی لە گەڵ دۆستانی نزیکی خۆی کرد ، بڕیاریان دا کە پادشای "ماد" دگیرانوهی" ی خوشکی قەراڵی ئەرمەنستان بخوازێ و بەو هۆیەوە "



دیگران" لەناو ببات بەلاّم " دیکرا نوهی" پاش شووکردن بە " ئاستیاگ" ئامادە نەبو کە بەو خیانەتە براکەی خۆی بکوژێت "دیگرانوهی" بە دزییەوە " دیگران" ی برای لەم داوە ئاگادارکردەوە .. لەبەر ئەوە " ئاستیاك" لەشکری بردە سەر ئەرمەنستان و لە گەڵ ئەرمەنستان کەوتە شەڕەوە ، و خۆی لەو شەڕەدا کوژرا . بەلاّم ڕەنگە ئەم داستانە دەست هەڵبەست بێ چونکە هەندێ لە مێژونووسان باوەریان وایە هەر کە ئیشتوویگو دی کە "دیگران" خەریکە یاغی دەبێ دوستوری دابە کوروش چووە سەری ، و سەری پێ شۆڕکردو وڵاتەکەی لێ داگیر کردو "تیگران" خۆی دابەدەستەوە ، کوروش نەی کوشت ، لەگەڵ خۆی هێنای بۆ ماد .

گوێگرە بەڕێزەکان لێرەدا کاتمان تەواوبو تا ووتاری ئایندە بە خواتان ئەسپێرین ئەم کاتە و هەمو کاتێکتان باش .

# کوردو ڕەگەزی ئاری

**ووتاری سێزدەیەم**

گوی گرە بەڕێزەکان ئەم کاتەو هەوکاتێکتان بە شادی ڕابوێرن . لە ووتارەکانی پێشوودا باسی ئەوەمان کردبو کە " هووەخشتەرە" ــ" واتا کەیئاکسار" ــ کە ساڵی ٦٣٣ بەر لە میلاد لەسەر تەختی فەرمان ڕەوایی و قەڕاڵێتی "ماد" دانیشت ، لە ماوەی (١٨) ساڵ شاهێتییا دەوڵەتی مادی گەیاندە ئەوپەڕی بەهێزی ، و کێشوەری مادی پەرەپێ دا ن و دەوڵەتی ئاشوریی سەرەو ژێر کرد و پایتەختەکەی ــ واتا شاری نەینەوا ــ ی وێران کرد ، و لەگەڵ دوو دەوڵەتی بە هێزی هاوسێیا ــ کە "لیدیا " و "بابل" ــ بوون پەیمانی دۆستایەتییەکی بەهێزی بەست ، و "ئاریانیا"ی کچی پادشای " لیدیا " ی خواست بو " ئیشتوویگو " ــ واتا "ئاستیاکس"ی ــ کوڕی ، و "ئامی ــ تیس "ی کچی خۆیشی دا بە"نەبوکەدنەصر" ــ واتا بەخت نەصری دووەم پادشای "بابل" و سەرزەوییەکانی "ماندا" و" ئورارتو" ــ یا نەیری ــ یشی خستە ناو سنوری ماد ، بەم جۆرە زەمینەی تەخت کرد بۆ پەرەسەندنی وولآت ، و لە ئاساییشا ژیانی خەڵقی وولآت ، و لە ماوای (٥٨) ساڵ فەرمان ڕەوایییا ــ کە لە ٦٣٣ بەر لە زایین ەوە دەستی پێ کرد تا ٥٨٤ بەر لە میلاد ــ ئیپراتۆرییەتی بەهەمو جۆر گەیاندە پۆپنەی ڕازاوەیی .. بەلآم بەر لەوەی بتوانێ " ئەرمەنستان " یش بخاتە ژێر پەرچەمی "ماد"ەوە پەیکی مەرگ چنگی لە یەخەی قایم



کردو کۆچی دوایی کرد .. ساڵی ٥٨٤ ی بەر لە میلاد ، بۆ نەتەوەی ماد ناخۆشترین و نالەبارترین کات بو ، هەمو خەڵق ڕەش پۆش و لە شین و زایەڵەدا هاوبەش بوون . بەلآم ترسی شۆڕش و بشێونە لە نێوانا نەبو . سەرداران و پیاو ماقولآنی وولآت بەهەرەوەزی سەریان بۆ فەرمانی پادشای تازە " ئیشتوویگو" ــ واتا ئاستیاگ ــ دانەواند .. جا بزانین ئاستیاگ ( واتا ئەژدەها ) چۆن وولآت بەڕێوە دەبات . ئەژدەهاك ــ یا ئاستیاگ ــ ئەیویست وەکو هووەخشتەرەی باوکی پەرە بدات بە خاکی ولآتەکەی ، بەلآم لەوێیا چەندین تەگەرە هەبو : ئەگەر لای خۆرئاواوە دەس بەکار ئەبو ، دەبوایە لەگەڵ دەوڵەتی " لیدیە" بکەوێتە شەڕەوە ، کە دەوڵەتێکی بەهێز بو هاوسوێن و هاو پەیمانی دەوڵەتی ماد بو ، " ئارییەنیس"ی کچی "ئالیات"ی پادشای " لیدیە " قەڕاڵیچەی ماد بو ، ژنی ئەژدەها بو .. هەروا لای خواریشەوە ، کە دەیکردە باشوری ولآت دیسان ڕێی پەرەدان بە ولآت نەبو ، دەوڵەتی "بابل" هاوسوێنی ماد بو ، "ئامیتیس"ی خوشکی ئاستیاگ ژنی "بەخت النصری دووەم" ی پادشای بابل بو . لای ژوریشەوە ئەرمەنستان یەکێ بو لەوە هەرێمانەی سەر بە "ماندا"و "ئۆرارتو"ش هەردوو کەوتبوونە ناو خاکی "ماد" .. ئەوەش ئاشکرایە کە لەشکەرو سپاە هەرگاە لە پادگان و بنکەکانا بێ کار مایەوەو ، کەوتە خەوو خواردن ، سەردار سپاکان ئەکەونە ڕقەبەری و بیری ئاژاوە نانەوە ، و شۆرشی ناوخۆ هەڵگیرساندن و ، هەڵگێرانەوەی ڕژێمی وولآت . تەنانەت ، ئاستیاگ ، کوڕێکی نەبو ، ببێ بە جێ نشینی ، دەبو "سپیتاما " ی زاوای ، جێی بگرێتەوە .. ئەم " سپیتاما"یە دەبێ لە بنەماڵەی " زەردەشت " بووبێ ، و بەپێی نوسینی "کاتزیاس"ی مێژونووس ، تەختی قەڕاڵێتی و پادشایی بۆ ئەم" سپیتاما" یە

دەمایەوە . وا دیارە لە یاسای سەردەمی "ماد" دا و لە ئایینی زەردەشتی‌یا کیژ بە میرات گر ، نەئەژمێررا ، و کەلەپوری پێ نەئەبڕا . بەلاّم ئەگەر "سپیتاما" بەناوی زاوایێتی‌یەوە دەبو بە میرات گری ئەژدەهاك ، ئەی کەبو جی‌یە ( کابیز )ی باوکی کوروش بۆچی نەئەبو ؟ خۆ ئەویش زاوای بو ؟ بە پێ‌ی هەندێ هەواڵ ، " کوروش " لە سەردەمی ئاستیاگی باپیریا یەکێ بووە لە سەردارانی سپای ماد ، و ئەژدەهای باپیری ناردویە بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشی "ئەرمەنستان" بەلاّم " ئاستیاگ " شەو لەخەوا بۆی دەرکەوتووە کە "تیگرانی" پادشای ئەرمەنستان و "کوروش"ی دۆستی ئەیانەوێ تەخت و بەختی هەڵگێڕنەوە " ئاستیاگ" لەگەڵ وەزیران و موبدان ڕاوێژی دەکات ، بڕیار ئەدرێ کە ئەژدەهاك "دیکرانوهی"ی خوشکی "تیگران" بخوازێو بەهۆیەوە بتوانێ "تیگران" لەناوبەرێ ، بەلاّم " دیکرانوهی" هەرچەند بو بە شاژنی ئاستیاگ ، بەلاّم ئامادە نەبو خیانەت لە براکەی خۆی بکات و لەبەر خاتری ئاستیاگ لەناوی ببات بە پێچەوانەوە ئەم ڕازەی بۆ براکەی نووسی ، لەوە دووا ئاستیاگ چو بەرەو سنوری ئەرمەنستان و داوای کرد لە "دگران" کە بێتە دیتنی ، بەلاّم "دیگران" لە فیکەی خۆی گەییبو ، نەهات و یاخی بو . بە پێ‌ی نوسینی "گەزەنفون" کوروش بە سپای " ماد "ەوە چووەتە سەری ، و شۆڕشەکەی تێك شکاندووە ، دیگران لە شەڕدا کوژراوە .. تەنیا ئەم هەرایە هەیە کە هەندێ لە مێژونووسان لەسەردەمی "ئاستیاگ "دا تۆماریان کردووە .. لە ووتاری ئایندەدا باسی شۆڕشی "کۆروش" دەکەین دژی ئاستیاگی باپیری ، و لێرەدا کاتمان تەواوبو بەخواتان ئەسپێرین .



# کوردو ڕەگەزی ئاری

**ووتاری چواردەیەم**

گوێگرە خۆشەویستەکان لە شادی و خۆشی‌یابن ، و لەبەلاّو گیرودار پارێزرابون . لە ووتاری پێشودا ووتمان"ئاستیاگ" کە بە"ئەژدەهاك" بەناو بانگە ، و لە بەردەنووسەکاندا " ئەرشتەویگە" واتا تیر هاوێژ وە "ئیختوویگو"شیان پێ گوتووە ــ لە سەردەمێکا ، لەسەر تەختی پادشاهی‌ی "مادگ دانیشت کە "ماد" قەڕاڵێتی ئیمپراتۆری‌یەتێکی پان و پۆڕ بو ، بەشێکی گەورەی ئاسیای خۆر ئاوای لە ژێر چنگدا بو ، بەلاّم ڕێ‌ی ئەوەی نەبو وەکو " هووەخشتەر"ی باوکی پەل بووەشێنێ بۆ پەرەدان بە ولاّتەکەی . ئەوەش ئاشکرایە ، کە سپا ، ئەگەر لە شەڕو هەرادا نەبێ ، و ئامادەیی پاراستنی ولاّت نەبێ ، بیر لە شۆڕش ئەکاتەوە ، و لە ناو سەردار سپاکانیا ڕقەبەری پەیدا ئەبێ بۆ ، سەرکەوتن و فەرمان ڕەوایی بەدەس گرتن . جا هەر وەکو لە ووتاری پێشودا ووتمان چون " ئاستیاگ " کوڕی نەبو کە جێ‌ی بگرێتەوە ، یەکێك لە زاواکانی دەبوەجێ نشینی‌وەگومانی ئەوەبو کە " سپیتاما" لە جی‌ی خۆی دابنێ کە هەم زاوای بو ، و هەم لە بنەماڵەی " ئاشو زەردەشت"ی پەیغەمبەری پیرۆزی ئێران زەمین بو . جا لەبەر ئەوەی کە تەنیا کەسێ مافی ئەوەی ببێ ڕقەبەری لەگەڵ " سپیتاما" بکات لەسەر نیشتەجێ‌ی "ئاستیاگ" تەنیا" کوروش" بو وەبەپێ‌ی هەندێ بیرو باوەڕی مێژونووسان لەو حەلەدا یەکێك بو لە سەردارانی لەشکری

ماد و باپیری ناردبوی بۆ شەڕی ئەرمەنستان بەلاّم ، هەواڵ درابو بە باپیری کە کوروش لەگەڵ دیکرانی پادشای ماد هاوپەیمانەو لەسەر ئەوە لە سەرداریێتی لەشکر لای دابو ، وەلە جێ کە "بوجێ"ی باوکی کردبوی بەفەرمان ڕەوای ئەنشان .. جا ئێستە ئەودووای ئەم باسە پێکەڵ و پیکەلاّنەی کە مێژونووسانی کۆن یادداشتیان کردووە .

یەکێ لە هاوسوێنەکانی "ماد" دەوڵەتی "بابل" بو ، پادشای بابل کە " نەبوکەد نەصر"ی دووەم ( واتا بەخت النصر ) بو ، زاوای " ئاستیاگ " بو وەلەگەڵی ڕێك بو ، پاش مردنی " نەبوکود نەصر " کوڕەکەیو چەند کەسێکی تری ، چەند ساڵێ فەرمان ڕەوایی بابلیان گرتە دەست و لەگەڵ دەوڵەتی "ماد" ڕێك بوون ، بەلاّم کە " نەبونەئید" هاتە سەر تەختی فەرمان ڕەوایی "بابل" یەکەم ئاریزوی ئەوە بو کە پەرستشگای کلدانیان لە "حەڕان" ئاوەدان بکاتەوە ، کە ساڵی ٦١٥ بەر لە میلاد لە لایەن سپای "هووەخشتەر"ەوە وێران کرابو ،.. هەر کە ساڵی ٥٥٦ بەر لە میلاد فەرمان ڕەوایی بۆ " نەبونەئید " مایەوە ، " کاهینەکان " کەوتنە پڕوپاغەندە بۆ ئەو و زۆریان خەوێکیان بۆی گێڕایەوە ، کە " مەردوخ"ی خوای بابل " وسین"ی خوای "حەڕان" هاتوونە خەویان ووتویانە : جێگری ڕاستەقینەی شاهانی "بابل" تەنیا "نەبوئیرە" دەبێ خۆی ئامادە بکات بۆ تازەکردنەوەی پەرستشگای "حەڕان" کە لە ژێر چنگی "ماد"دایە ، خۆی ئامادە بکات ، هێز کۆبکاتەوە ، لە "ماد" نەترسێ ئیتر "ماد" گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی ، " کوروش "ی پادشای "ئەنشان " کە یەکێکە لە بەندەگانی کەمینەو بچوکی "مردوخ " دژی "ئاستیاکس" باپیرەی خۆی شۆڕش ئەکات ، بەسەریا زاڵ ئەبێ ، هەمو "ماد" ئەگرێ ، پادشای "ماد" ئەخاتە زنجیرو پاڵەهەنگ و بەدیلی ئەیباتە "ئەنشان " و لەوێ زیندانی ئەکات



ئەم قسانە لەبەردە نووسێکا هەڵکەندراوە کە پێی دەوترێ بەردەنووسی "ئەبوحەبە" ستونی یەکەم ، هەروا ئیکسنفونیش لە کتێبی "پەروەرشی کورش " دا ئەم باسانەی یادداشت کردووە .

نەبونەئید ، لەگەڵ " کوروشی کوڕی کەبوجێیە" ـ کە بە "کامبیز " یش ناوبراوە کەوتە سفارشات گۆڕینەوە ، و پەیمان بەستن دژی "ماد" لە فارسەوە "کوروش" شۆڕشی بەرپا کرد ، ولە "بابل"یشەوە " نەبونەئید" بەرەو "حەڕان" لەشکری خستە ڕێ ، وەخۆی فەرماندەیی سپای گرتە دەست ، و فەرمان ڕەوایی وولاّتی سپارد بە کوڕە گەورەکەی خۆی کە ناوی " بیل شەرئوسور"بو .. "ئاستیاکس" کە هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگری شۆڕشی کورشی هەبو ، نەئەیپەرژایە سەر ئەوەی هێز بنێرێ بۆ پاراستنی " حەڕان" لەبەر ئەوە " نەبونەئید" توانی شاری حەڕان و ئەو بەشانەی سوریە داگیر بکات ، کە لە ژێر چنگی "ماد" دابو ، هاوسوێنەکانی تری "ماد" کە "لیدیا" و "میصر" بوون ، ئەوانیش نەهاتنە فریای " ئاستیاکی" ی پادشای ماد . ساڵی ٥٥٥ بەر لە میلاد سپای بابل کەوتنە دوبارە کردنەوەی پەرستشگای "حەڕان" کە سەربە خوا "سین" ی مانگ بو .. " نەبونەئید" هەر بە داگیر کردنی "سوریە" و "حەڕان" وازی نەهێنا ، هەرێمی فەلەستینی ئێستەشی داگیر کرد ، کە ئەو حەلە پێی ئەوترا " ئەدوم" و پادشاکەشی کوشت ، و سوپاکەی بەرەو " غەزە"ی میصر پێشکەوتن

بابێینەوە سەرباسی "کوروش"ی کچەزای ئاستیاکس .. دەربارەی چۆن پەروەردە بوونی ئەم کوڕە ، قسەو قسەڵۆکی مێژونووسان زۆرە . " کوروش " کە بە کوروشی دووەم و کوروشی گەورە ناوبانگی بەرزەوەبو ، کوڕی "کەبوجێیە" کوڕی کوڕی کوروش کوڕی چیش "پش"ە، و ئەم بنەماڵەیە خۆیان ئەبەنەوە سەر "هەخامەنش" ..

مێژونوس حەسەن پیرنیا ( موشیرالدەوڵە) لە ڕستەییێکا هونێویێتیی یەوە کوروشی گەورەی بە کوروشی سێیەم داناوە ، بەڵام دیاکونوف و گیریشمەن ، و ئولمەستید ، و نووسەران ی تری ئەویان بو کوروشی دووەم داناوە .. ئەم بنەماڵەیە خەڵکی هەرێمی " پاس " واتا ئوستانی فارسی ئێستەن ، و فەرمان ڕەوایانی " ئەنشان " یا " ئەنزان " بە ناوبانگن . "ئەدادشەمش" لە سالآنی( ٧٠٠ )بەر لە میلاددا ناوی تیرەی "پارسوماش"ی بردووە کە لە چیاکانی بەختیاریی ئێستەدا ژیاون . ئەم پارسیانە لەسەردەمی "عیلام" دا بەڕابەریی "هەخامەنش" فەرمانڕەواییێکی بچوکیان هەبو ، لەسەردەمی " چیش پش" ی کوڕی "هەخامەنش"دا بە پادشایانی " ئەنشان" ناو دەبران .. " چیش پش" قەڵەمەڕەوی خۆی لە نێوانی دو کوڕەکەی دابەش کرد کە ناویان "ئاریارمنە"و کورکوش بو .

ئاریامنە پەنجا ساڵ ژیا واتا لە ٦٤٠ بەر لە میلادەوە تا ٥٩٠ بەر لە میلاد ژیا ، بەڵام کوروشی یەکەم لە ٦٤٠ بەر لە میلاد تا ٦٠٠ بەر لە میلاد واتا چل ساڵ . لە هەمەدان بەهەڵکەوت "تەختەزێڕی نووسراو" دۆزرایەوە کە ئەمەی لەسەر هەڵکەندرابو : ((ئەم خاکی پارسیانە کە من خێویم ، ئەسپی باش و پیاوی چاکی هەیە ، خوای گەورە ئاهورامازدابە منی داوە ، من پادشای ئەم سەرزەوییەم )) ئەم نووسراوە هی "ئاریارمنە"یە ..

بەڵام بۆچ گەییووەتە هەمەدان ؟ کە دەبوایە لە "پارس" بدۆزرێتەوە . ڕەنگە وەختی "ماد" پارسوماو ئەنشانی خستۆتە ژێر دەستی خۆی ، سپای هووەخشتەرە لەگەڵ تالآنا هێنابێتیان. گوێگرە خۆشەویستەکان بۆ ئەوەی "کوروش"ی گەورە بناسین ، وە چۆنێتی شۆڕشەکەی دژی ئاستیاکسی باپیری تێ بگەین ، پێویستە مێژووی



بنەماڵەی هەخامەنش بزانین جا چاوەڕوانی ووتارەکانی ئایندە بن ئەم کاتەو هەمو کاتێکتان باش.

# شێوەکانی زمانی کوردی وە لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕیشەی ناوەکانیان

**ووتاری یەکەم**

ئەمشەو ئەمەوێ باسێکی مێژووی زۆر قووڵ وەدرێژتان بە جۆرێکی گەلاڵـەیی بـۆ روون بکەمـەوە . لـە سـەرەتادا دەبـێ بڵـێم زاراوەکـانی ( سۆرانی ) و ( بادینـانی ) و (هـەورامی ) چەشنێکی هەڵە وەنابەجێ لە نـاو نووسـەرانی کـوردا بڵاوبوونـەوە . پـێش مـن زانـای کـورد نـاس مامۆسـتای مـەزن تـەوفیق وەهبـی بـەگ هـەوڵی داوە ئـەم هەڵەیـە لـە مێشکی نووسەران دەربهێنێ ، بەڵام بە داخەوە تا ئەمڕۆکەش کە لای خۆی سەردەمی گەشەی نووسینی کوردی‌یە ، هێشتا ئەم هەڵەیە بنج بڕ نەبووە . ئالەم سەردەمەدا هەندێ لە نووسەرانی ڕۆشنبیری کورد بەگـەرم و گـوڕی کەوتونـە پـەیڕەوی بـیرو بـاوەڕی ڕاسـتەقینە ، وە ئەیانەوێ هەڵەکان بنجبڕ بکەن . بەڵام بەداخەوە خۆیانیش جارجارە ، هەڵەکە دوپات ئەکەنەوە . من نامەوێ لە ئێستگەوە ناویان ببەم ، کە خۆیان گوێ بدەنە ئەم ووتارە ، هەڵـەکانی خۆیـان تـێ ئەگەن وەڕاستی ئەکەنـەوە . نووسـەرانی سـادەی کـورد ( سـۆرانی) یـان لـە بـاتی ( کرمانجی‌ی خوارو ) وە ( بادینانی ) یان لە باتی ( کرمانجی باکور ) و (هەورامی)یان لە باتی ( گۆرانی ) بەکارهێناوە ، کە هەرسێکیان هەڵـەو تـاوانێکن دەربـارەی زمـان و ئـەدەبی کـوردی کـراون .. ( سـۆران ) لـە



مێژوی کۆن دا ، تەنانەت لە ( شەرەف نامە )دا ، ناوە بۆ ئەو هەرێمەی دەکەوێتە نێوانی هـەردو ( زێ )وە ، واتا ( زێی ) گەورە ، وە ( .ێی ) بچوك . لـە ( شنۆ ) وە تـاوەکو چیای حـەمرین ، کـە ئەمڕۆکـە دەکات لیوای هەولێری کوردستانی عێراق وەبەشێ لە ئوستانی ئازەربایـنجانی غـەربی ئێـران وەئـەم هەرێمـە بەشێکە لـەو خاکـەی ، زمـانی ( کرمـانجی خـوارو ) ئـەدوێین کـە لـە ڕاسـتی‌یا ئـەکات . سـەرداری‌یەکانی کـۆنی ( ئـەڕدەلان ، موکریـان ، بابـان ، سـۆران ، باجـەلان ) کـە اە شـەرەفنامەدا ناویان هاتووە ( واتا ئوستانی کوردستانی ئێران ، وەبشێ لە ئوستانی ئازەربایـنجانی غەربی ، وە لیوای کەرکوك ، وەلیوای هەولێر وەبەشێ لە لیـوای دیـالی ) ، وەلـە شـێوەی کرمـانجی خـوارودا نیـشانەی فیعلـی موضارع ( دە ) وەرئەگرێ بە ( ئە) .. مەگەر لـەو جێیانـەدا کە نزیك بە کرمـانجی بـاکورن .. بابێینـەوە سـەر ( بادینـان ) . ووشـەی( بادینـان ) داتاشراوی ووشەی ( بێهدینان )ە وا دییارە ئەم هەرێمە تا سەردەمێکی درەنـگ هـەر لەسـەر ئـاییینی کـۆنی (کـورد) ماونـەوە . وەنـەبوون بـە موسـڵمان ، بۆیـە نـاوی ( بێهـدینان )نیـان پاراسـتووە ، وەلەسـەردەمی ( عەباسـی) دا ، سـەردارێیکی بـەهێزیان هـەبووە . ئـەم سـەرداری‌یە گەوتۆتە بەشی چیای نێوانی ( زێی گەورەو ) و( فوڕات ) واتا لیـوای ( دهـۆك )ی ئـەمڕۆی کوردسـتانی عێـراق . جا نـاوی ( بادینـان ) بەهەڵـە براوەتە سەر کرمانجی باکوردا ، کە هەم کوردانی ئەو هەرێمـە عێـراق و هەم کوردانی سوریە ، و هەم کوردانی ئێـران ، وهـەم کوردانی قوچانی ئێـران ، وهـەم کـوردانی تورکیـەو شـورەوی قـسەی پێ‌دەکـەن . لەگـەڵ جیاوازیێ کەم کە لـە هەندێ ووردە شێوەکانایە .. مایـەوە ئەوانـەی کـە تۆزێ ( هەورامی ) ئەزانن ناوی ( هەورامی )یان بڕیوە بەسـەر شـێوەی ( گۆران ) دا ، هەمو هەستیاران و خاوەن هەڵبەست وەهونەرانی ( گۆرانی

) زمانیان بە ( هەورامی) داوەتە قەڵەم بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ( زەنگەنە ، سیامەنصور ، شێخان ، گێژ ، پالانی ، کاکەیی ، گەلاڵی وەدەیان تیرەی تری کورد بەم شێوەیە ئەدوێن .. وە بۆ ئەوەی شەوێکە تری بتوانم ڕیشەی ناوانی ( کرمانجی) وە ( گۆرانی ) تان بۆ ڕوون بکەمەوە .. ئێستە بەخواتان ئەسپێرم شەوتان شاد .



# شێوەکانی زمانی کوردی وەلێ کۆڵینەوە دەربارەی ڕیشەی ناوەکانیان

**ووتاری دووەم**

شەوی ڕابردو بەڵێنمان دانێ کە دەربارەی ڕیشەی ناوەکانی شێوەکانی زمانی کوردی بدوێین .. شەرەف خانی بتیسی مێژونووسی ئەمڕۆی کورد ، بەر لە چوار صەت ساڵ زمانی کوردی کردووە بە چوار بەشەوە ( کرمانجی ، گۆرانی ، کەلۆڕی ، لوڕی ) ، هۆی ئەم شارەزاییەس ئەوە بووە کە ( شەرەف خان ) لە ئێران دا لە دایك بووە . وە لە هەرێمەکانی ( ئەراك ، و هەمەدان ، وەتاڵش) پەروەردەبووە وەشێوەکانی زمانی کوردی بە گوێی خۆی بیستووە .. جگە لەوەش دورودرێژ دەربارەی تیرەو عێڵ و سەرداریيەکانی کورد دواوە . بەلاّم بەداخەوە ئەوەی بۆ ڕوون نەکردینەوە کە شێوەکان لە کوێ بەکاردێن ، وەلە کام هەرێمەوە تا کام هەرێم .. پاش ئەو بە صەت و پەنجا ساڵ هەستیاری مەزنی کورد ( ئەحمەدی خانی ) کە بە سۆزو ، گودازەوە ، دەربارەی مەردایەتی وەجوامێری کورد ئەدوێ بێ جیاوازکردنەوەی شێوەکان ، ناوی ( کرمانج ) ئەبڕێ بەسەر هەموو کوردا ، وەگەلی کورد هەموی بە ( کرمانج ) ئەداتە قەڵەم وەئەلێ: هەر لەعەرەبستانەوە تاوەکو گورجستان ، کرمانج بوون بە دژو قەلاّتی وولاّتان .

**( بەفکر ژ عەرەب هەتا ڤەگورجان × کرمانجییە بویە شیبهی بورجان)**

وەهـروا کـە باسـێ ئـەو هۆیـە دەکـات هـانی داوە بـۆ دانـانی چیرۆکی بەنرخی ( مەم وە زین ) دەڵـێ : بۆیـە ئـەم چیرۆکەم بـە زمـانی کرمـانجی هێنایە دی ، کە خەڵق گەلی کورد بە ڕەگەزێکی بێ بەها ، نەدەنە قەڵەم ، وەبەنەخوێندەوار و بێ هونەریان نەزانن ..

**( ئینایە نیظام و . ئینتظامی × کێشایە جەفا ژە بو وی عامی )**

**( داخەڵق نەمێژتن کو "ئەکراد" × بێ مەعریفەتن ، بێ ئەصل وو بنیاد)**

**( ئەنواعی میلەل خودانی کتێبن × "کرمانج" ، تەنێ دەبێ حسێبن )**

کە کوردناسان وەزانایانی خۆر ئاوای برەویان دایە لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد ، لەم صەدەی بیستەمەدا ، زۆر کەس لە ( کورد) دوان . تەنانەت ( مینۆرسکی)ی زانـای بـەرزی ڕوس .. وەهـەروا زانـای کـوردی مەزن مامۆستا تەوفیق وەهبی بەگ ، کە زمانی کوردی کردووە بە سـێ شـێوەی گـەورە ( کرمـانجی ژورو ، کرمـانجی خـوارو ، کرمانـشاهی) وەمەبەستی لە کرمانشاهی ئەو دو شێوەیە کە شەرەف خان ناوی نـاون گۆرانی و لوڕی ، جا هـەر وەکو ( مینۆرسکی ) نامیلکـەییێکی تایبـەتی دەربارەی ( گۆران ) داناوە ، مامۆستا تەوفیق وەهبیش چەند ووتـاری نامیلکە ئاسای دەربارەی ڕیشەو بنج و نباوانەی زمانی کوردی دانـاوە . جا ئەبێ بڵێن کە ووشـەی ( کرمانج ) بە ڕیشە دەگەڕێتـەوە بۆ ( کرم ئاژن ) وەڕەنگـە دیـاردیی بێ بۆ ئـەو نەخۆشیی خەرچەنگەی لـە سـەر شانی ( ئەژدەها )ك هەڵی دابو ، کە شا ( نامەی فیردەوس ) بە نـاوی ( مار) ناویان ئەبات . وەلەناوی ( کرمائیل )ی وەزیـری ( ئـەژدەهاك )یـش بۆمـان ڕوون ئەبێتـەوە کـە کـرم وەکـرم پەرسـتی لـە کۆنـەوە هـاتووە .. ئەفسانەکانی ئاییندیش وامان بۆ ڕوون دەکاتـەوە کە ( مار ) شـەیتانی بردۆتە ناو بەهەشت بۆ دوژمنایـەتی ئادەم . جا واژەی ( کرماشان ) ،



ناوی ( کرماجان ) و ( کرماژان )ی بۆ پاراستوین ، بۆیـە عـەرەب پێیـان وتووە ( قرمیسین ) .. کە بزانرێ ووشـەکە ( کرمـژن ــ کرمـاژن ) بووە ، نـەوەك ( کرمـان شـاە ) . جـا ووشـەی ( کرمـانج ) گـەر چـی لـە ئـەدەبی کەردیدا بۆ هەموو کورد یا بەشی کرمانج زمان بەکار هێنراوە . بەڵام لـە هەندێ جێی وولاتی کوردەواریدا تەنیا بـۆ ( مـسکێن ) بەکار هێنـراوە . واتـا بـۆ ئـەو دیهاتییانـەی کـە ( مـسکێن ) وەسـەر بـە خـاوەن زەوی و زارە شارستانییەکان ن وەئـەم بیرو باوەڕە تـا ئێستەش ، لـە ئوسـتانی کوردسـتانی ئێـران ، وەلـە لیـوای هـەولێری عێـراق دا هـەرماوە . نـەبێ ئـەوەش مـان لـەبیر نەچـێ کـە ( کرمـاژ ) بـووە بـە ( کرمـاج ) وەکتێبـە مێژووەکانا هەر ( کرمانج ) تۆمار کراوە ، تەنیا کورد خۆیان نونەکـەیان بۆ زیاد کردووە ، وەکردویانەتـە ( کرماج ) ، ئەمـەش لـە کوردیدا بـاوە وەکو ئەڵێن یانزە دوانزدە ، تا ....

گوێگرانی بـەڕێز لـە ووتـارێکی تـرا بـاس لـە نـاوی شـێوەکانی تـریش ئەکەین وەبەخواتان ئەسپێرین شەوتان شاد .

# شێوەکانی زمانی کوردی وەلێ کۆڵینەوە دەربارەی ڕیشەی ناوەکانیان

**ووتاری سێیەم**

هەر وەکو ووتمان ( شەرەف خان ) زمانی کوردی کرد بە چوار شێوەی گەورە . ( کرمانجی ــ گۆرانی ــ لوڕی ــ کەڵوڕی ) ئەمڕۆکە کرمانجی گەورەترین شێوەی کوردیـیە ن کە بۆتە دوبەشی کرمانجیـی باکور وەکرمانجی خوارو .. شێوەی گۆرانیش بچوك بۆتەوە . تەنیا لە ناو عیلاّنی ( هەورامی ، زەنگەنە ، گۆران ن کاکەیی ، شێخان ، سیامەنصور ن وەئەمانەدا پارێزراوە ) واژەی ( گۆران ) بەپێی باوەڕی زانایان لە ووشەی ( گۆڕ )ەوە هاتووە . کە بە ( ر ) سوك ئەکاتە ئەو گیان لەبەرەی لە ئەفسانەکانی ( شانامە) دا هاتووە کە هەمیشە ( بارام ) ڕاوی کردووە .. وە بە ( ر ) گیراویش ئەکات جێگەی چاڵ وەنمکان وەکو گۆڕی مردو .. وەیاخود جێگەی ڕاستی بێ قۆرت وەك ( گۆڕەپان ) واتا ئەو مەیدانەی منداڵاّن یاریو تۆپێنی تیا ئەکەن .. بەلاّم لە زاراوەی کوردەواریدا کە ووتراوە ( گۆران ) ، هەمیشە بەوانە ووتراوە کە لە دیهات وەشارەکانا دانیشتون .. شێوەی گۆرانی لە صەدەها ساڵەوە تا صەدەی بیستەم زبانی ئەدەبی کوردی بووە . ( عێلّ بەگی )ی کاکەیی ، ( غەمناکی )ی زەنگەنە ( میرزا شەفیعی ) جامرێزی دەلۆیی ، ( مەولانا خالیدی ) مکایەلّی ، ( مەلا فەتاحی ) جەباری ، ( ڕەنجوری ) شێخانی ، ( محاکی ) داوودەیی ( ئەحمەد بەگی ) کۆماسی ، ( مەلا مصطفی ) ی بێسارانی ( مەولەوی )ی تاوك گۆزی ( حەمە ئاغای ) دەربەند فەقەرەیی . وەصەدەهای تر ، لە هەستیاران وەهۆنەرانی بە ناوبانگی کورد ، بەم شێوەیە هەڵبەستیان هۆنیوەتەوە لەگەڵ ئەوەشا زۆریان گۆرانی زبان نەبوون .. هۆی ئەمە بەگومانی من ئەوە بووە کە سەردارانی کورد ، لە سەردەمی ( عەبیاری )یەکان وە ( حەسەن وەیهی )یەکانەوە ، تا ڕۆژانی ئاخری سەردارانی ( ئەردەلاّن ) ئەم شێوە ئەدەبیانە هان داوە . بە پێچەوانەی ئەمە سەردارانی سۆران . وەسەردارانی بابان کەوتوونە هان دانی شێوەی کرمانجیـی خوارو بۆیە ( عەلی بەردەشانی ) وە ( نالی ) و ( سالیم ) وە ( مەحوی ) ئەمانە ڕچیان گۆڕیوە ، وەشێوەی کرمانجیـی خوارو پەرەی سەندووە .. هەر وەك لە کوردستانی باکووردا ، ( فەقی تەیران ) و ( مەلای جەزیری ) و ( پڕنەوبەگی هەکاری ) و ( ئەحمەدی خانی ) پەرەیان داوە بە شێوەی ( کەلوری ) و ( لوڕی )ش ، هەر لە ئەدەبی گۆرانی پەیڕەویـیان کردووە بۆ ئەمە هەڵبەستەکانی مەلا پەریشای لوڕ گەواهێکی گەورەیە . مایەوە ئەوەی واژەی ( کەڵوڕ) لە کوێوە هاتووە .. بە گومانی من کوردەکانی کۆن بۆ خواکانیان ئابودەیان هەبووە چیای شاهۆتا کلکەی بێستون . کەلە بنەڕەتا ناوی ( بوژستان ) واتا جێی خۆیان بووە . پایەی گەورەترین ئابودەی ( ئاهوڕا) واتا ( میترا ) بووە ، کە پێی ووتراوە ( کەڵ ئاهورا ) وەناوی ( کەلهور )ی هەرێمی کرمنشای لێوە هاتووە کە لە پێشا لە کرمنشاوە تا ( مەندەلی ) گرتۆتەوە ، وەهەمو ئەو ناوە بە یەك شێوە قسە دەکەن ، وە ( شانامەی )ی فیردەوسی ناوی پاڵەوانێکی ئەفسانەییمان بۆ ئەگێڕێتەوە کە ناوی ( کەلاهور ) بووە ئەڵێ: سوارێ کە ناوی ( کەلاهور )بو هەمو ( مازەندەرانی ) هێنابووە ترس وەلەرز ..

**با بێینه سەر شێوەی ( لوڕ )ی کە شێوەییێکە لەسەردەمی ( شەرەف خان )دا هەر لە ( هەمەدان ) و ( ئەراك ) وەتا ( لەکستان ) قسەی پێ کراوە . ئەم شێوەیە دوبەشی ( فەیلی ) وە ( بەختیاری ) فەیلیی‌یان لەگەڵ گۆرانی وە کەلوڕی ئەوەندە تێکەڵ و پێکەڵ بووە کە ( تەوفیق وەهبی بەگ ) هەموویانی ناو ناوە کرمانشاهی .. بەڵام بەختیاری ئەمڕۆکە شێوەییێکی کۆنی خاوێنە .. ئەمەبو بە کورتی گەلاڵەی ئەو باسە دوورو درێژەی کو زۆر کتێب وەنامیلکەی لەسەر نووسراوە .. بەهیوام گەنجانی کورد سودی لێ وەربگرن ن تەنانەت بۆ هەمیشە ناوانی ( سۆرانی ) و (بادینانی ) و ( هەورامی ) بگۆڕن بە ناوانی کرمانجیی خوارو ، وەکرمانجیی ژورو وەگۆرانی وەبەم تکایەوە دوا بە ووتارەکەم دەهێنم شەوتان باش .**



# ئاهەنگ و گۆرانییەکانی کوردی

**گوبەندە: گوێگرانی بەڕێز شەوتان باش .**

**لەبەر ئەوەی مامۆستا دەربارەی ئاهەنگ و گۆرانیی‌یەکانی کوردی شارەزایی‌یەکی باشی هەیە ، داوامان کرد بێتە کۆڕی ئێستگە وەئەم باسەمان بۆ ڕوون بکاتەوە ..**

**پرسیار: مامۆستا ئێمە لە وولاتی کوردەواریدا چەند جۆرە ئاواز وەئاهەنگمان هەیە ؟**

**وەڵام: لە کوردیدا ، دوجۆرە ئاهەنگ وەئاواز هەیە ، یەکێکیان ( کۆك) واتا ئەو مەقامانەیە کە هەرگیز نامرن ، وەناکوژێنەوە ن واتا گەلی کورد مابێ زیندو ئەمێنن ، وەئەم مەقامانە لە چەندین پەردەی مۆسیقی پێك دێن ، وەبۆ فێربونیان کارەمایی‌و هۆشی تەواو پێویستە . دوەمیان ( بەستە )یە کە ئاهەنگی زو گۆڕن ، وەلەکەم ڕۆژگارێکا کۆن دەبن ، وەلەلایەن ( موسیقی )شەوە لە سەر یەك پەردە ئەوترێن وەجار جار هەرەوەزانەش ئەووترێن . وەبا ئەویش بڵێم کە کرمانجی ژورو بە ئاوازو ئاهەنگ دەڵێن ( ستران ) ، وەکرمانجیی خواروش پێی دەڵێن گۆرانی .**

**پرسیار: تکایە بفەرمون ناوانی ( ستران ) وە( گۆرانی ) لە چیی‌یەوە هاتوون ؟**

وەڵام: ئەگەر چاو بگێڕین بەو کتێبانەدا کە دەربارەی لێکدانەوە ( قورئانی پیرۆز ) نووسراون ، وەپێیان ئەڵێن ( تەفسیر ) لە باسی پێغەمبەری مەزن ( ئیبراهیم ) دا ( د.خ ) ئەبینی کە گەلەکەی ( هەستێرە ) پەرست بوون ، وەبەو پێیەی کە ( ئیبراهیم ) لە هەرێمی ژێر دەستی ( نەمرود )دا ژیاوە ، دەبێ لە دەوروبەری ( جزیرو بۆتان ) دا ژیابێ ، ئەفسانەچییەکان دەڵێن ئەو کابرایەی ( نەمرود ) کردی بە سەرپەرشتی کورە ئاگرەکەی ( ئیبراهیم )یان تێ فڕێدا ، ئەو کابرایە ( کورد بوو . بەمەدا بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە ( ئێزەدی )یەکانی ئەمڕۆی کورد هەر ئەو ( میترا) پەرستانەی سەردەمی ( ئیبراهیم )ن (د.خ) . بۆیە ناوی نامەی ئایینی خۆیان ناوە ( مزداڕۆژ ) . کە وەرگەڕاوە . ( مەصحەف ڕەش ) . ئەمانە تا ئێستەش لە کاتی دیتنی خۆرا لە هەڵاتن وەئاوابون دا جۆرە زەمزەمیێکیان هەیە . دیارە هەر ئەم زەمزەمەیە بۆوتە هۆی ئەوەی نزاو نیازە کە ناوبنرێ ( ستران ) کە لە ( ستاران )ەوە هاتووە . هەروەکو ( هۆر ) و ( کەڵهورە ) وە (مادهورە ) هەرسێکی ، ناویان دییارە نزاو نیاز بوون لەگەڵ ( هۆر ) یا ( ئاهورامازدا ) وەلەگەڵ ( ستاران ) یەك ئەگرێتەوە .. مایەوە ئەوەی بۆ چ کرمانجیی خوارو بە ئاهەنگو ئاواز دەڵێن ( گۆرانی ) بێ گومان هۆی ئەمە ئەوەیە کە کورد بە دانیشتوانی شارو دیهاتەکانیان ووتوە ( گۆران ) وەئەوان ئاهەنگەکانیان لە چەشنێکی سەرەتایییەوە خستۆتە سەر چەشنێکی ڕێك و پێکی مۆسیقادا ، ناوی ( گۆران )یش گوایە زۆر کۆنە ، وەئەچێتەوە بۆ سەردەمی ئەژدەهای ستەم کار .

پرسیار: تکایە گۆرانییە ( کۆك )ەکانی کوردی واتا مەقامەکان چیو چین؟

وەڵام: کرمانجی باکور تەنیا ( لاوك )یان هەیە کە ناوەکەی کوردی پەتی بێ ئەوانی تری وەکو ( حەزین ، عوشاق ، بەیات ، موحەییر ،



ئورفە ، تاد ...) بەناویانا دییارە گومان هەیە . کە لەمانەدا لە گەڵ وولاتە هاوسێکانیان هاوبەشن . بەڵام کرمانجی خوارو لە لایەن مەقاماتەوە . زۆر دەوڵەمەندن . هەندێ مەقام هەیە تەنیا تایبەتییە بۆ ژنان . وەك ( بالوێرێ ، لایلایە ، لاواندنەوە ) وەهەندێکی تریش هەیە تێکەڵییە ، وەك ( هۆرە ، ماهور ، کەڵهوری ، قەتار ، خاوکەر ، ئەڵڵاوەیسی ، تێهەڵکێش ، خورشیدی ، سەحەری ، نیوە شەوی حەیران ، ئای ئای ، سیا چەمانە ، سۆز ) وەلای من وایە کە ( هۆرە ، کەڵهوری ، ماهۆر ، قەتار ، ئەڵڵا وەیسی ) لە گۆرانییەکانی هەرە کۆنی کوردەوارین .

پرسیار: تکایە بفرمون ئەم ناوانە لەچییەوە هاتوون ؟

وەڵام: ووشەی ( هۆر ) تا ئێستە لەناو عێڵی ( زەنگەنە ) وە زۆربەی گۆرانەکانا بۆ ( خۆر ) بەکار دەبرێ گۆرانییەکەش تا ئەمڕۆکە نەیتوانییوە لە سەرەتای خۆی لابدات ن چونکە تایبەتیی عێڵە کۆچەرەکان بووە بۆیە تا ئەم دوایییە پێیان دەوت ( هۆرە)ی جافی ، جا ئەم خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کوردە کۆچەرەکانی هەزاران ساڵ لەمەو پێش نزایان پێ کردووە لە گەڵ ( خۆر ) تەنانەت ئەوەشمان زانییوە کە کور ەکان لە بەرا ( خۆر ) پەرست و ئەستێرە پەرست بوون . ووشەی ( کەلهوڕ )یش لە بنەڕەتا ( کەڵ هۆرە )ە بووە ، واتا هۆڕەی درشت ، وادییارە تایبەتیی ئەو هەرێمە بووە کە ئابودەی ( سەرەك هۆزا)ی تیابووە ، کە هەرێمی کرمانشایە . هەر وەکو ( ماهور ) لە بنەڕەتا ( ماد هۆرە ) بووە ، واتا هورەی مادەکان .. یەکێ لە برادەرەکانم کە ناوی ئەم گۆرانییانەی لە کتێبێکا بە ناوی ( فۆلکلۆر ) لە زمانی منەوە نوسیوە . ووشەی ( هۆرە )ی بردۆتەوە بۆ ( هاوار ) ، بەڵام بە داخەوە بە یادیا نەهاتووە ، کە ( هاوار ) لە کاتی لێ قەومان و ،

**ناخۆشـیدا ئـەبێ ، بـەڵام ( هـۆڕە ) و ( کـەڵهور )ی و ( مـاهور ) لـەو گۆرانیيانـەی کـە کـوردەواری لـە کـاتی خۆشـیيا ووتويانـە . جگـە لەمانەش من لام وايە ووشەی ( قەتار ) لە بنەڕەتا ( گاتا ) بووە . تورك و عەرەب کردويانە بە ( قەتار ) ، هەروا ( ئەڵڵاوا وەيسی )ش لە بنەڕەتا ( پسنا ) بووە ، لە دەوری ئيسلام دا بووە بە ( ئەڵلاّ وەيەسنا ) پاشان داتاشـراوە بـووە بـە ( ئەڵلاّوەيـسی ) ..چـونکە ناوەکـانی تـری کـە ( خورشـيدی ) وە( سـەحەری ) وە ( نيـوە شـەوی ) وە ( خاوکـەر )ن ئەمەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە ، کە ئەم گۆرانیيانە لە سەرەتادا هـەمويان بەسـتراون بـە کـاتی تايبەتيیـەوە ، وەنـزای ئـەو کاتـەيان پـێ کـراوە . هەروا ( سۆز )يش نيشانەی سۆزی دەروون بووە ..**

**پرسيار: جگە لەمانە ئاهەنگی تری چیيە کە مەقام بن ؟**

**وەڵام: گۆرانیی ( حەيران ) هەيە ، کە زۆرتر لە بەشی ( سۆرانی کۆن )دا واتا ليوای ( هەولێر )دا باوە ، تا نزيکی رەضائيە . وە لـە هـەرێمی (هـەورامان ) يـش سياچـەمانە مـان هەيـە ، کـە لـە بنـەڕەتا بەسـتە بـووە نەوەك کۆك ....**

**گوبەنـدە : زۆر سوپاسـی مامۆسـتا ئەکـەين بـۆ ئـەم ڕون کردنـەوە بەنرخە . وە تکامان وايە لە مۆسيقارو گۆرانی بێژەکان ، کە لە صەدەی بيستەما نەژێن هەوڵ بدەن ئـەم گۆرانيانـە بخەنـە سـەر نـۆتی مۆسـيقی ، وەپـەرەکانمان بـۆ جيـا بکەنـەوە ، کـە بـزانين ئـەم گۆرانيانـەی کـوردی هەريەکـەيان لـە چـەند پـەردەوە دەزگـای موسيقی پێـك هـاتووە ... ئيتر بەخواتان ئەسپێرين شەوتان شاد .**



**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی يەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەياندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت.**

| | | |
|---|---|---|
| ١– چيرۆکستان | دەق و رەخنە | حەمە کەريم عارف |
| ٢– كركوك والتطهير العرقي | ديکۆمێنت | و: رەعد بابان |
| ٣– مانيفێستەکانی پووچی | هۆزان | مەهدی زريان |
| ٤– شيعری هەڵبژاردە بۆ منالّ و گەورە | هۆزان | لەتيف هەڵمەت |
| ٥– بەرەو شێت بوون | هۆزان | عومەر سەيدە |
| ٦– دڵۆپە | هۆزان | يوسف لەتيف |
| ٧– ماچ | کۆمەڵە دەق | بەکر دەروێش |
| ٨– چاوبڕکێی سەر زورگەکان | چيرۆك | حەمە سەعيد زەنگنە |
| ٩– داوەتی کۆچەريان | چيرۆك | حەمە کەريم عارف |
| ١٠– ناسنامەی دەق | رەخنە و لێکۆڵينەوە | د. فوئاد رەشيد |
| ١١– شرۆڤەيەك لە بازنەدا | گوتارو رەخنە | سەردار جاف |
| ١٢– – تەکنيکی گێڕانەوە لە چيرۆکەکانی مارف بەرزنجيدا | لێکۆڵينەوە | شوکريە رەسولّ |
| ١٣– گەڕانەوە بۆ حەيفا | چيرۆکی وەرگێردراو | ئەحمەد عارف |
| ١٤– سۆسيۆلۆژيای شيعری کوردی | لێکۆڵينەوە | د. ئازاد عەبدولواحێد کەريم |
| ١٥– لە هەردەکانی کوردستانەوە بەرەو بيابانی عەرەب | رۆمان | جەليل محەمەد شەريف |
| ١٦– بانێژەی خەمەکانی شارەکەم | هۆزان | بورهان بەرزنجی |
| ١٧– عەورەتی گەلاّ | هۆزان | سيروان ناشاد |
| ١٨– هونەری رۆژنامەنووسی لە گۆڤاری نزاردا | لێکۆڵينەوە | شوان خورشيد |
| ١٩– ژوانی عەشقداری | شانۆگەری | وريا شەهاب |
| ٢٠– ئۆپەرێتەکانی هەزارەی سێيەم | هۆزان | بورهان ئەحمەد |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١– ئێوارەیەك نایەمەوە | هۆزان | لەتیف فاتیح فەرەج |
| 2٢– سیفری ئاگر | هۆزان | کەریم دەشتی |
| 23– لە روانگەی زماننا‌سییەوە | لێکۆڵینەوە | و: د. ئازاد ئەمین باخەوان |
| ٢٤– گورگ | چیرۆکی وەرگێڕدراو | و: عەلی بەرزنجی |
| | | – خالید مەجید فەتحوڵڵا |
| 25– زریوەی ئەستێرە دەسرازەی زامە | هۆزان | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان |
| ٢٦– داستانا لێدانا گازخانا کەرکوك ل سالا ١٩٦٩ | داستان | وەصفی حسن ردێنی |
| ٢٧– دار زەیتوون | چیرۆك | فەیسەڵ تاهیر هەمەوەندی |
| ٢٨– یاریزانی شەترەنج | رۆمان | و: محەمەد سابیر مەحموود |
| ٢٩– ئەو وشانەی دڕ بە تاریکە شەو دەدەن | وتار | لەتیف هەڵمەت |
| ٣٠– یوونس ئەمرە خۆشەویستیی خاك و مرۆ | هۆزان | و: ئەحمەد تاقانە |
| ٣١– کوردو ڕەگەزی ئاری | لێکۆڵینەوە | مەلا جەمیل رۆژبەیانی |